

## زاهیر محەمەد:
## کە دەستمان پێکرد لە هەموو کوردستانی خۆمان چەند کەسێک خەریکی مۆسیقا بوون.. بە بەهرەی خۆشمان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراین.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٥)

* ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادرە، لەبەر خۆشەویستی لە کوردستان و لەناو خەڵکیدا، بە زاهیر مەردانە ناسراوە، هونەرمەندێکی فرەبەهرە و پڕ بەخشش و خاوەن بەرهەمی جۆراوجۆرە، زۆر بە ڕوونی جێدەستی بەسەر هونەری مۆسیقا و ئاوازدانان و گۆرانی و سروودی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندانی شارەزای بواری هونەر و چاودێران شایەدی بۆ دەدەن کە خزمەتێکی زۆری بە کایەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە. ئەم هونەرمەندە وەک موزیکژەن، سەرەتا شمشاڵ و نای تەختە، دواتر کەمان و عودی ژەنیوە، ئەوجا وەک ئاوازدانەر، ئامادەکردنی گۆرانی کۆن و فۆلکلۆری کوردی بۆ گۆرانیبێژان دەرکەوتووە، پێشەکی مۆسیقای بۆ زۆر لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کورد داناوە.

* هونەرمەند زاهیر محەمەد، بێجگە لەوەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا کار و بەرهەمێکی زۆری هەیە، لە بواری نووسینیشدا ئەوەندەی دەرفەتی هەبووبێ، بە پێی توانایی خۆی خزمەتی کردووە. یەکەم نۆبەرەی چاپکراوەکانی بەناوی (ڕەنگاوڕەنگ)، لە ١٩٧٠/٧/١٠، لە چاپخانەی (الشمال)ی کەرکووک چاپکردووە، ناوەڕۆکی کتێبەکەی بریتییە لە تێکستی زۆربەی ئەو شیعر و سروود و هۆنراوانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆمار کراون، بەڵام بە هۆکاری تەکنیکی نەیتوانیوە نۆتەی گۆرانییەکانی لەگەڵ دابنێ، نەشیتوانیوە بە زنگوغراف ئەو نۆتانە بڵاو بکاتەوە، چونکە تێچووی ئەو کارە هونەرییە بۆ ئەو زۆر بووە، لە ناویاندا نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکانی حەسەن

زیرەک هەبوون کە لە ساڵی ١٩٦٧، لە سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان؛ (ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید)ی برای لەماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید بۆیان تۆمار کردووە. دوای چەند ساڵێک کتێبی هونەری ڕەوانبێژی – وتارسازی (فن الألقاء) کە کتێبی دووقۆڵیی سامی عەبدولحەمید و بەردری حەسوون فەریدە، بە دەستکارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردووە. هەر ئەو ساڵە (٢٠٠٧)، کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاشنا، ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆرکران!)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دواتر کتێبێکی دیکەی بەناوی: (کۆمەڵێک بابەتی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێت!)ی وەرگێڕاوەو لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لەسەر گیرفانی خۆی چاپی کردووە، دواجار بنکەی مەقام، نامیلکەیەکی بەناوی (دەنگ و ئاوازە کوردییەکان)ی لە ساڵی ٢٠١٢دا بۆ لە چاپداوە کە نووسینێکی ڕەخنەگری هونەریی بەناوبانگ (عادل هاشمی)یە و لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوە.

* بێجگە لەو کتێبە چاپکراوانەی کۆمەڵێک دەستنووسیشی هەیە و چاوەڕێی لە چاپدانن، لەوانە: (چۆن لە ژیانتدا سەرکەوتوو دەبیت)، نووسینی زانای کۆمەڵناس کلود بریستول کە لە ساڵی ١٩٧٦، لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. دەستنووسێکی دیکەی (بنچینەی فێربوونی مۆسیقا)یە، نووسینی ئەدۆلف دانهاوزەرە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. دەستنووسێکی دیکەی بەناوی (کۆیەی دواڕۆژ)ی هەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی، (بەختیاری ڕاستییە، یان ئەندێشە)، کە سەبری مەقدسی نووسیویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، (ڕۆشنبیری و گەڕی نوێبوونەوە)، دیسان نووسینی (سەبری مەقدسی) یە، هەر لە ساڵی ٢٠١٤، لە عەرەبییەوە کردوویەتی



زاهیر محەمەد– ئازاد عەبدولواحید

بە کوردی، ئەو دەستنووسانەی باسمان لێوە کردن، ساڵانێکە وەری گێڕاون، چاوەڕێی هیمەتی دەزگایەکی چاپکردنن بۆی لە چاپ بدەن.

* سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانەکانی کە تا ئێستا بەشێکی لێ چاپ کردوون و بەشێکیان چاوەڕێی چاپ کردنن، زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کۆیە، وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە و پەیتا پەیتا بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون: ڕۆژنامەکانی: ئازادی، هاوکاری. گۆڤارەکانی: بەیان، ڕەنگین، هەنگ، گەپ، پەیژە، چلاواز، نووسەری نوێ، مێرگ، هەرێمی کوردستان، کەکۆن، ڕامان، کە لە بارەی هونەر و شیعر و ئەدەبیات و منداڵ و مێژوو، بیروڕای خۆی دەربڕیوە و زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش و بە کەڵکیشی وەرگێڕاوە.

* بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک سەرۆکی تیپی باواجی کۆیە بووە و لەبەر تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەو تیپە و سازکردنی ئاهەنگی بەردەوام لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، دوای ساڵی ١٩٧٠ و کەشوهەوای سازگار و لەباری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ناوی ئەو هونەرمەندە، بە هەوادارانی هونەر ئاشنا بووە، بە تایبەتیش کە سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی

کۆیـەی کـردووە، ئـەوەی زیاتـر ئـەو تیپەشـی پـێ ناسـراوەتەوە، ئـەو مۆرکـە تایبـەت و ڕەسـەنەی میلۆدییەکانـی بـوو، کـە زۆر بـە ڕۆح و هەسـت و گوێچکـەی گوێگـران و بینەرانـی ئـەو ئـاواز و گۆرانییانـە شـیرین و دڵگیـر بـوون و جێگەیـان لـە دڵ و دەروونیـان کردبـووەوە، چونکـە میلۆدییـەکان هەڵقـوڵاوی نـاو هەنـاوی دەڤەرەکـە و وراتـی کۆیـە بـوون، یـان درێژەپێـدەری هونـەری بـاڵای کەسانی گـەورەی وەک ئەمیناغـای ئەختـەر و ڕەشـیداغای حەوێـزی و مەڕبێـن و حەنیلـە خـڕە و سـێوە و حاجییـە گـەورە و مـەلا ئەسعەد و مـەلا ئەحمـەدە کـوێر و محەمەدئەمیـن عەبـاس و تایـەر تۆفیـق و خالید دلێر و.. بـووە، ئـەو میلۆدیانـەش نـەک هـەر لەنـاو دڵ و دەروون و هەسـت و نەسـتی هەمـوو تاکێکی کۆیی، بگرە لـە دڵ و دەروون و یـادەوەری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتاندا کاریگەرییـان هەبـووە و جێگـەی خۆیـان کردووەتـەوە.

* زاهیـر محەمـەد کـوڕی خانەوادەیەکـی ئایینـی و ئـەدەب پـەروەر بـووە، باوکـی مـەلا محەمـەد دلاوەر زۆر حـەزی بـە شیعر و ئەدەبیات کـردووە، زانایەکـی ئایینـی کـراوە و شـاعیر و ڕۆشـنبیرێکی سـەردەمی خـۆی بـووە، شـاری کۆیـەش بـۆ خـۆی مەڵبەنـدی شـاعیران بـووە، بۆیـە هـەر زوو بەنـاوی شـاعیرە گـەورە و کاریگەرەکانـی ئاشـنا دەبـێ، بێجگـە لـە شـاعیرانی کۆیـە، وەک خوێنەرێکـی باشـی شـیعری کـوردی و شـاعیرە گـەورەکان، شـیعری بـاڵای بـۆ ئاوازەکانـی هەڵبـژاردووە، ئـەو کـە تـا ئێسـتا (١١٤) ئـاوازی دانـاوە، هەوڵـی داوە شـیعری شـاعیرە باشـەکان هەڵبژێـرێ و ئاوازیـان بـۆ دابنـێ و بیداتـە ئـەو گۆرانیبێژانـەی ئاوازەکانـی دەڵێـن، کـە ئـەو شاعیرانە ژمارەیـان زۆر بووە، لـە ناویاندا شاعیرانی کلاسیک تـا شاعیرانی سـەردەمی نوێـی گرتووەتـەوە، لەوانـە: ئـاوازی بـۆ شـیعری نالـی و سـالم و کـوردی و حاجـی قـادری کۆیـی دانـاوە، ئاوازی بۆ (١٤) شـیعری عەونـی، (٨) شـیعری ئەحمـەد دڵـزار، (٦) شـیعری هێمـن، (٤) شـیعری کەریـم شـارەزا، (٣) شـیعری د. مسـتەفا زەنگەنـە، (٢) شـیعری جـەلال جۆبـار، (٢) شـیعری کامـەران موکـری، (٢) شـیعری مەدحـەت بێخـەو، (٢) شـیعری ڕەهبـەری سـەید برایـم و (٢) شـیعری ڕەمـەزان زامـدار، (١) شـیعری مەدهـۆش، (١) شیعری نەسرین مستەفا، سروودی پێشمەرگە، کـە شـیعری زەینـەب خادیمـی سـەجادەیە، وێـڕای ئـەوەی ئـاوازی بـۆ چەنـد شـیعرێکی خۆشـی دانـاوە.

* گەشـتی ئاوازدانانـی م. زاهیـر محەمـەد لـە شەسـتەکانەوە دەسـت پـێ دەکات، لـەو کاتـەوە کـە قوتابـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا — بەشـی مۆسـیقا بـووە، یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٦٠، لەسـەر داوای هاوڕێیەکـی عەرەبـی بەغدایـی کـە ئەویـش لـە پۆلـی سـێی بەشـی مۆسـیقا بـووە، بـە نـاوی مەهـدی عەلـی، کـە لـە پۆلـی یەکـی پەیمانگـە بـووە، ئـاوازی بـۆ تەوشـیحێکی ئایینـی بەنـاوی (طلع البـدر علینـا، مـن ثنیـات الـوداع)ی دانـاوە، ئـەو هاوڕێیـەی کـە لـە قوتابخانەیەکـی تێکـەڵاوی بەغـدا کۆتایـی سـاڵ تەتبیقـی کـردووە، هـەر ئـەو هاوڕێیـەی نۆتـەی ئاوازەکـەی نووسـیوەتەوە، ئێستا ئـەو سروودە ئایینییـە بـە هەمـوو وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامیدا بڵاوبووەتـەوە، بـەڵام زۆر دەسـتکاری کـراوە و نـاوی ئەویشـیان لەسـەر لابـردووە. ئـاوازی بـۆ زۆر دەنگخۆش و گۆرانیبێـژی کـورد دانـاوە، کـە لەنـاو ئەوانـەدا ئافرەتـان و پیـاوان و لاوان هـەن، لەوانـە: ئەنـوەر تاهیـر، عەدنـان جەمـال، عەبدوڵـڵا دڵسـۆز، قـادر ئەحمـەد، سەلاح پشـدەری، قاسم فەرەجوڵـڵا، گوشاد کەمـال، دلێـر سـادق، ئیسـماعیل شـەیدا، کـە هەنـدێ لەوانـە کۆچـی دواییـان کـردووە، هەروەهـا ئـاوازی بـۆ چەنـد خانمێکـی دەنگخۆشـیش دانـاوە لەوانـە: تـارا ڕەسـووڵ، دڵنیـا قەرەداغـی، دیمـەن جـەلال جۆبـار، شـنۆ ئیبراهیـم.

* هەنـگاوە سـەرەتاییەکانی دەسـت پێکردنـی کاروانـی هونەریـی، لـە سـاڵی ١٩٥٧ بـووە، ئـەو ساڵە بەخـت یـاوەری بـووە، م. باکـووری وەک هونەرمەنـد و

مامۆستای زمانی ئینگلیزی هاتووەتە قوتابخانەکەیان کە ناوی ناوەندیی کۆیە بووە، دوای ماوەیەک هەوڵی داوە چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش بکا، لەو قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەندی هونەری مۆسیقای هەڵبژاردووە، زاهیر محەمەد یەکێک لەو قوتابیانە بووە، هەر ئەو لەو کات و سەردەمەدا بەهونەری مۆسیقای ئاشنا کردوون و ڕۆژانە دوای نیوەڕۆیان لە ژووری نیگارکێشان ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوکاتە خوێندنی قوتابیان چوار وانەبووە، ئێوارانیش دوو وانەیان خوێندووە و لەسەر چەند ئامێرێک ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوە بوو لەم سەرەتایە زاهیر محەمەد و ئیبراهیم فەرەجوڵلا بە کەمان، ئەکرەم باقی بەعود، سەردار ئەحمەد بە نای، نەشئەت حەمید بە دەف، عەونی عەلی بە تەپڵ بەشداربوون، کە ئەو قوتابییە بەهۆی ئەوەی باوکی مەعاونی پۆلیس بووە هاتووەتە شاری کۆیە، کە لە بنەڕەتدا خۆیان خەڵکی شەنگال بوون، دوای ماوەیەک لە کۆیە نەماون.

* بە سەرپەرشتیی م. باکووری، لەو قوتابیانە تیپێکی مۆسیقای بچووک، وەک چالاکیی قوتابخانە دامەزراوە و چەند چالاکییەکی سنوورداریان لە قوتابخانەکەیان بۆ دایکان و باوکانی قوتابیان پێشکەش کردووە، هەر خۆشیان تیپەکەیان ناو ناوە (باواجی)، دوای ساڵ و نیوێک تیپەکە لە چالاکی نواندن وەستاوە، چونکە قوتابییەکان هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتوون، زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراون، ئەو سەردەمە لە هەموو عێراقدا تەنیا لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەبووە، ساڵی ١٩٦٠ش مامۆستا باکووری چووەتە هەولێر، ئەکرەم باقی بووەتە سەرباز، ئیتر تیپەکەیان نەماوە، لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەی لە پەیمانگە بووە، لە ئاهەنگەکانی پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و ئێزگەی کوردی بەشداریی زۆر چالاکیی هونەری کردووە. ساڵی ١٩٦١ تیپی ئۆرکێسترای ڕۆژهەڵاتی لە بەغدا، بەسەرپەرشتیی مامۆستاکەیان حیسام چەلەبی دادەمەزرێ، زاهیر محەمەد دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیپی ئۆرکێسترایە و وەک ژەنیاری کەمان وەردەگیرێ، ئەو ماوەیەی لەو تیپەدا بووە، لە تەلەڤزیۆنی بەغدا بە شێوەی زیندوو بەرهەمێک پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بە ڕەش و سپی بەرهەمەکەیان تۆمار کردووە.

* دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات، لە شاری (کوت)ی خوارووی عێراق، وەک دوورخستنەوە بە مامۆستا لە چالاکیی قوتابخانەکان دایدەمەزرێنن، دوای نیوەڕۆیانیش لە هۆڵی قوتابخانەی (هودا)ی کچان، کۆمەڵێک قوتابی فێری مۆسیقا دەکا و لەسەر ئامێری کەمان، عود، ئۆکۆردیۆن، ماندۆلین، تەپڵ، دەف، جاز، تیپێکی باش دروست دەکات و لەو شارەدا چالاکی زۆر دەنوێنن، بەرچاوترین و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی ئاهەنگی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی بووە، ئەم چالاکییە لە قەزای (صوێرە) کراوە کە عەبدولکەریم قاسم خەڵکی ئەوێیە و خۆی لەوێ ئامادە بووە، هەر لەو کاتەدا فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی (کیندی) لە بەغدا هەبووە، ئەو ڕۆژە هەموو شاندە بەشداربووەکانی ئەو فیستیڤاڵە، لە (صوێرە) ئامادە دەبن، لەوانە وەزیری مەعاریف ئیسماعیل عارف، لەگەڵ پارێزگاری کوت و (ئەنوەر ثامر) زاوای عەبدولسەلام عارف و زۆر بەرپرسی دی، دوای (٣) ساڵ مانەوەی لەو شارەدا، لە ساڵی ١٩٦٥ دەگوێزرێتەوە شاری کۆیە، لەو کاتەوە هەوڵێکی زۆر دەدا تا تیپێکی مۆسیقای (ئەهلی) دامەزرێنێ، م. زاهیر محەمەد پێی وایە هەڵەیەکی مێژوویی کراوە کە جارێکی دی ناویان ناوەتەوە (تیپی مۆسیقای باواجی)، چونکە ئێستاش هەندێ کەس وا دەزانن ئەو تیپە هەر (تیپی باواجی)یەکەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەیە.

* ئەو تیپە لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی هەبووە و بەشدار بووە، لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر ئاستی هەموو

تیپەکانی کوردستان یەکەم بووە، بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە ئەوان لەبەر زۆریی ئەندامانی بەشدار بوویان، بە پلەی (ئیمتیاز) دەرچوون، واتە نەخرانە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە. لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لە ساڵی ١٩٧٢، مۆڵەتی فەرمیی تیپەکە لە وەزارەتی (ئیعلام)ی عێراق بۆ وەردەگرن و (١٠) کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر دەبنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر. لەو ماوەیەی لە تیپی باواجی- دا کاری کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاوازی داناوە و گۆرانی ئامادە کردووە، بەڵام کەمێکیان لێ تۆمار کراون، ئەوانەی تۆمار نەکراون بە نۆتە نووسراونەتەوە و لە دووتوێی کتێبدا ئامادەکراون بۆ چاپ. دوای ئەوەی تیپی باواجی بەرهەمێکی زۆر و چالاکی و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حکومەت شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، ئەو تیپە بە بڕیارێکی ستەمکارانەی ڕژێم هەڵوەشاوەتەوە و ماوەی (٩) ساڵ لە کار و چالاکی وەستاوە، تا جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ مۆڵەتی ڕەسمی بۆ دامەزراندنەوەی وەرگیراوە.

* لەو ماوەیەی تیپەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە بە (موحازەرە) وانەی مۆسیقایان گوتووەتەوە، هەر لەو کاتەشدا تیپێکی مۆسیقا بەناوی (مەڵبەند)ـەوە دادەمەزرێنن کە بەشداری ئاهەنگی ناو شار و دەرەوەی کۆیەشیان کردووە، هەروەها لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاوان لە شاری حیللە بەشدار دەبن، جارێکیش لە شاری (سەماوە – موسەننا) بەشداری لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاواندا دەکەن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٦وە لە شاری هەولێر دەژی، ناوبەناو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی، بەشداری هەندێ چالاکی دەکات و لە هەندێ لە بۆنەکاندا وەک یادی تایەر تۆفیق و ڕۆژی هونەر لە کۆیە بەشداری کردووە. لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەو تیپە کۆنسێرتێکی گۆرانی لەسەر شانۆی (سەنتەری لاوانی کۆیە) پێشکەشی جەماوەر کردووە کە (٨) گۆرانی نوێ بووە، ئێستا لە تۆمارگەی (هیوا) لە کۆیە، لەسەر CD هەیە، دەفرۆشرێ و ڕەواجێکی زۆریشی هەیە.

* م. زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەریی خۆیدا، بەهۆی بەخشش و کار و چالاکییە زۆروزەوەندەکانی، چەندان جار بە خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامە لەلایەن داوودەزگا فەرهەنگی و حکوومییەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، هەندێ جار وەک ئەندام و سەرپەرشتیاری تیپی باواجی و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ ڕێز لە خۆی نراوە، لەوانە: خەڵاتی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات، تەممووزی ساڵی ١٩٧٣. بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمپانیای (چوارچرا)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/٥، لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەوە (عیرفان عەبدولڕەحمان زەنگەنە)، ڕێزی لێ گیراوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری فەلەکەددین کاکەیی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆڕش، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. لە ٢٠٠٦/٣/٣١ کە ڕۆژی هونەرە لە کوردستان، لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر نەوزاد هادی ڕێزی لێ نراوە. لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لە بارەی لاوک و حەیران قسەی کردووە، ئەوانیش لە پای ماندووبوونەکەی ڕێزیان لێ ناوە، هەروەها بە یادی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، دوو ساڵ لەسەر یەک ٢٠١٤/١٠/٢٢ و ٢٠١٥/١٠/٢٢ خەڵاتیان کردووە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧، خەڵاتی (سەید برایم)یشی لە کۆیە پێ بەخشراوە.

* لە پاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی کەمان (ڤیۆلۆن) وەردەگیرێ و دەگاتە ئاستێکی زۆرباش لە ژەنینی ئەو ئامێرەدا، هەرچەندە ئێستا بەهۆی تەمەنەوە پتر خەریکی عودژەنینە،

جارێکیان لە پشووی نیوە ساڵ کە گەڕاوەتەوە کۆیە، هەر ئەو کاتە بووە سەردانی سلێمانی دەکات و لەوێ حەمەساڵح دیلان-ی شاعیر و دەنگخۆش و (قادر دیلان)ی برای دەکات، ئەوکاتە حەمەساڵح دیلان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی فەرمانبەر بووە کە بیناکەیان بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ بینینی هەردوو هونەرمەند نەجاتی عەبدە و حاتم سەعید کە بە (حاتەمەڕەش) ناسرابوو، چووەتە شارەوانی سلێمانی، هەر لە شارەوانی هونەرمەند جەمال بەختیاری دیوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان (بێجگە لە حەمەساڵح دیلان) لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکدەگرنەوە، هەندێ گۆرانی بە تۆمارکەری گروندیک بە بەکرە (تێپ) تۆمار دەکەن، کە یەکێکیان گۆرانی (باران بارانە) بووە و بە دەنگی قادر دیلان وتراوە، زاهیر محەمەد و ولیەم یوحەننا بە کەمان و هونەرمەندەکانی دیکەش بە ئامێرەکانی خۆیان مۆسیقایان بۆی ژەنیوە.

* پێوەندی هاوڕێیەتی و دۆستانە و هونەریانەی م. زاهیر محەمەد لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بووە، ئەو پێوەندییە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە هونەرمەند پۆلی دووی ناوەندی بووە، کاتێک هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووەکان و لێقەوماوانی شاری سلێمانی، بەهۆی لافاوەکەی ساڵی لە ١٩٥٧/١٠/١٨ هاتوونەتە کۆیە و ئاهەنگێکی گەورەیان ساز داوە، هەر ئەو کاتە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە وەک کۆمەک و یارمەتی بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ کۆدەکرێتەوە، هاتنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کۆیە، زۆر کاریگەری بەسەر ئەم هونەرمەندەوە هەبووە، کە بۆ یەکەم جار تیپێکی مۆسیقای دیوە و ڕاستەوخۆ گوێی لە مۆسیقا و گۆرانی بووە، ئیتر لەو کاتەوە مەیل و ئارەزووی بۆ هونەر جووڵاوە و پەرەی سەندووە، ئەمە هەر ئەو ساڵە بووە کە م. باکووری هاتووەتەوە کۆیە و لەناوەندیی کۆیە وانەی ئینگلیزی پێ گوتووەتەوە، م. باکووری و سێوە لەو ئاهەنگە گەورەیەی تیپی مۆسیقای مەولەوی بە گۆرانی و مەقام و مۆسیقا بەشداربوون. بۆ ساڵی دواتر، لە هاوینی ١٩٥٨، لەسەر داوا و بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، تیپی مۆسیقای مەولەوی بەسەرپەرشتی قادر دیلان، ئاهەنگێکی گەورەی هونەری پێشکەشی جەماوەری شاری کۆیە دەکەن، خەڵکێکی زۆر لەناو یانەی فەرمانبەران و سەر گردی قشڵەی کۆیە، ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو ئاهەنگەدا لەسەر داوای قادر دیلان، بە ئامێری عود، ژەنینێک پێشکەش دەکات.

* من بۆ خۆم هونەرمەند زاهیر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٣وە دەناسم، ئەو کاتە زووزوو سەردانی کۆیەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددین ماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی-م بوو، بەهۆی ئەوەش کە لەو کاتانەدا زۆر هاموشۆی ماڵیانم دەکرد، لەبەر ئەوەش کە وەک کەمانژەنێک ئەندامی تیپی باواجی کۆیە بوو، لەولاشەوە کوڕە پوورێکم کە ناوی ئەمیر مستەفا (دڵبەند) لەو تیپەدا کۆرس بوو، بۆیە زۆر ئێوارەی ئەو ڕۆژانەی لە کۆیە دەبووم سەردانیانمان دەکرد، ئەوان خەریکی ڕاهێنانەکانی خۆیان بوون، منیش وەک گوێگرێک لەلایان دادەنیشتم. لەمێژ بوو دەمویست گفتوگۆیەکی قووڵ و بەرفراوان لەگەڵ م. زاهیر محەمەد بکەم، بۆ ئەوەی کارێک بێ لە قەبارە و گەورەیی بەخششەکانی بوەشێتەوە، ساڵی ٢٠١٧/٤/٦ بەشێکم لە گفتوگۆکەمان تۆمار کرد، بەڵام تەواومان نەکرد و مایەوە، تا لەو دواییە تێهەڵچووینەوە و چەند بەشێکی دیکەمان تۆمار کرد، لە گفتوگۆکەدا بە تێروتەسەلی باسی هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی هونەری و نووسینەکانی کرا، بیروڕای ئەومان لەبارەی زۆر لایەنی گرنگی هونەری وەرگرت، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینەکەمان بخوێننەوە و بە بیروبۆچوون و کار و بەرهەم و بەخششەکانی ئاشنا بن.

**ڕامان:** ئەگەر دوایی ناوەکانت بەبیر هاتەوە، گرنگە ناوی ئاوازەکانم پێ بڵێی، ئەو گۆرانییانەی ئاوازەکانیان بە هیی ئەختەر دەزانی، بۆمانی دەستنیشان بکە، بۆ ئەوەی هەر ئاوازێک بچێتەوە لای خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆی.. ئێستا قۆناغی ناوەندیت بڕی و بە تێروتەسەلی باسمان لێوە کرد، بەو شێوەیە وردە وردە هێنامان، دوای ئەوەی سێی ناوەندیت تەواو کرد، ئەوجا چوویتە بەغدا؟

**زاهیر محەمەد:** گوتمان لە ناوەندیی کۆیە، ئاشنای مۆسیقا بووین، ئەمەش بە هۆی م. باکووری-یەوە بوو کە تیپێکی لە قوتابخانەکەمان دامەزراندبوو، هەر لە خۆشمانەوە ناومان لێ نابوو باواجی، کە بارودۆخەکە تێک چوو، ئەویش خۆی بۆ هەولێر گوێزایەوە، بە ڕۆیشتنی م. باکووری بۆ هەولێر، ئیدی ئەو تیپە هیچ شوێنەوارێکی لە کۆیە نەما، منیش ناوەندیم تەواو کرد، لەگەڵ ئەنوەر تاهیر و کەریم حەمەد بۆ خوێندن چووینە بەغدا.

**ڕامان:** دەکرێ بزانین بۆچی دواناوەندیت تەواو نەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** تا پۆلی سێی ناوەندیم خوێند، ئەو کاتی دواناوەندیی لە کۆیە نەبوو، من و ئەنوەر تاهیر کە چووینە بەغدا، دوای ئێمە پۆلێکی دواناوەندی کرابووەوە، تەنیا یەک پۆل بۆ چەند قوتابییەک کرابووەوە، ئێمە ئاگامان لەوە نەبوو.

**ڕامان:** ئەو کۆمەڵە کەسەی باست کردن، یان ئەو گرووپەی خۆتان ناوتان نابوو باواجی، لە ئاهەنگی یەکترناسین و ئاهەنگی خێزانی و بۆنە گچکەکان بەشدار دەبوون؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لە هەندێ ئاهەنگی ماڵان و دانیشتنی برادەران، بۆ خۆمان کۆ دەبووینەوە، لەدوای چواردەی تەممووزیش ئاهەنگی زۆر دەکران، ئەو کاتە کۆمەڵێک ڕێکخراو پەیدا بوون، لەوانە سەندیکا - ڕێکخراوەکانی کرێکاران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، ئەوانە ئاهەنگیان ساز دەدا، ئێمەشیان بانگ دەکرد، ئەوەندەی لێمان بزانیبایە ئامێرێکمان دەژەنی، ئەو کاتە زۆر شتمان نەدەزانی، چونکە تیپێک بوو تازە دروست بووبوو، هەر لە خۆمانەوە ناومان لە خۆمان نابوو تیپ و ناوێکیشمان بەناوی باواجی بەسەری دابڕیبوو، ئەوەش تیپی باواجی کە تا ئێستا بەردەوامە، ئەو تیپەی لە ساڵی ١٩٧٢ بە تەواوی دروستمان کرد و مۆڵەتمان بۆی وەرگرت.

**ڕامان:** تۆ کە لە ناوەندی بووی، خەونت ئەوە بوو بچیتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و بخوێنی و پسپۆڕی لە هونەر وەرگری؟

**زاهیر محەمەد:** کە پۆلی سێی ناوەندیمان تەواو کرد، گوتم لە کۆیە دواناوەندی نەبوو، بەڵام لە هەولێر بۆ بەشی زانستی داواکاریم پێشکەش کرد، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لە بەغدا ناومان دەرچوو، وەک پێشتر گوتم ئێمە لە کۆیە سێ کەس بووین، من و ئەنوەر تاهیر، کە ئەویش هەر لە مۆسیقا وەرگیرا، کەریم حەمەد خدر، لە بەشی نیگارکێشان وەرگیرا، ئەو کاتی پێیان دەگوت بەشی ڕەسم، ئەوە بوو ناومان دەرچوو و چووینە بەغدا، مانگێک دەبوو دەوامم دەکرد.

**ڕامان:** حەز دەکەم لەسەر ئەم وەرگرتنەتان ڕابوەستین، وەرگرتنەکەتان لەسەر بنەڕەتی بەهرە و توانایی خۆتان بوو، لە تاقیکردنەوەی ڕووبەڕوو دەرچوون، یان چۆن بوو؟ پێم باشە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە.

**زاهیر محەمەد:** کە داوامان پێشکەش کرد،

پاش ماوەیەک گوتیان وەرن بۆ چاوپێکەوتن و ڕاستەوخۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردین.

**ڕامان:** چۆن وەڵامیان دانەوە و ناوەکانتان دەرچوو، چۆن پێوەندی لە نێوان ئێوە و بەغدا دروست بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ناوەکان لە ئێزگەی کوردی بەغدا بڵاو دەکرانەوە، لە ئێزگەی کوردی، یان لە ئێزگەی عەرەبی ناوەکانیان دەخوێندەوە، دەیانگوت ئەو ناوانە بێنە بەغدا بۆ چاوپێکەوتن.

**ڕامان:** ئەو ساڵەی تۆ لەگەڵ ئەنوەر تاهیر داواتان پێشکەشی هونەرە جوانەکان کرد، چەند کەسیان لە بەشی مۆسیقا دەویست، چەند کەس داوایان پێشکەش کردبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ڕەنگە خەڵکی دیکەش داوایان پێشکەش کردبێت، ئێمە لەوە ئاگادار نەبووین، تەنیا لە کۆیە ئەو سێ کەسە بووین داوامان پێشکەش کردبوو.

**ڕامان:** لە بەغدا بێجگە لەو سێ کەسەتان، کەسی دیکەتان نەدی، کۆیی بێ و داوای پێشکەش کردبێت؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، کەسی کۆیی دیمان نەدی.

**ڕامان:** ئەی لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، قوتابیانی کوردی دیکە، کێی لێ بوو، کێتان بینی؟

**زاهیر محەمەد:** کوردی لێ بوو، ئێمە کە بۆ چاوپێکەوتن چووین، دوای چاوپێکەوتنەکە سەرکەوتین و وەرگیراین.

**ڕامان:** یەکەم جار چۆنتان زانی وەرگیراون؟

**زاهیر محەمەد:** ناوەکانمان لە ئێزگە خوێندرایەوە، ئەو کاتە هەر ئەو ڕێگەیە هەبوو، لە ئێزگەی کوردی گوێمان لە ناوەکانمان بوو، ئەوە بوو چووینە بەغدا. من مانگێک لە بەغدا بووم، ئەو



**صوێرە، ٣/ ١٢/ ١٩٦٢، (بە بۆنەی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی و سانەوی کچان، بە ئامادەبوونی عەبدولکەریم قاسم و (ئیسماعیل عارف)ی وەزیری پەروەردە، تیپی مۆسیقای چالاکیی قوتابخانەکانی کوت، بە سەرپەرشتی و ڕابەرایەتیی هونەرمەند زاهیر محەمەد.**

کاتی لە بەشی ناوخۆیی بووین، بەشی ناوخۆیی زۆر قەرەباڵغ بوو، لە بەشی ناوخۆیی جێگەمان نەبوو، لە ڕاڕەوێک جێگەیان بۆ دانایین، تا بەشە ناوخۆییەکی دیکەیان بۆ بە کرێ گرتین.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ لەو ڕاڕەوە مانەوە؟

**زاهیر محەمەد:** نزیکەی بیست ڕۆژ تا مانگێک زیاتر ماینەوە، ئەو ماوەیە زۆر وەڕس بووبووم.

**ڕامان:** ئەو کاتەی داواتان پێشکەش کرد، لەو کوردانەی سلێمانی، هەولێر داوایان پێشکەش کردبوو، کێی دیکە بوون، کێتان لەوێ بینی؟

**زاهیر محەمەد:** لە هەولێر عەبدوڵڵا دڵسۆز وەرگیرابوو، ئەوە لە خولەکەی ئێمە بوو، لە سلێمانی فەرەیدوون دارتاش، ئەویش هەر لەگەڵ ئێمە وەرگیرا، سێ کەسی دیکەش لە هونەرەکانی شێوەکاری، بەشی نیگارکێشان وەرگیرابوون کە ئەوانیش سەردار عەبدوڵڵا زوهدی و نووری ئیسماعیل و تاهیر ئیبراهیم

بـوون، ئێسـتا ئـەو دووانەیـان لـە ئەمریـکان.

**ڕامـان:** ئـەو چـوارەی نـاوت هێنـان، خەڵکـی کـوێ بـوون؟

**زاهیر محەمـەد:** هەرچواریان، فەرەیدوون دارتاش، نووری ئیسماعیل، تاهیر ئیبراهیم فەتاح، سەردار زوهـدی، خەڵکـی سـلێمانی بـوون، تـا ئێسـتاش دووانیـان لـە ئەمریـکان، فەرەیـدوون دارتـاش لـە سلێمانییە، سـەردار زوهـدی و عەبدوڵـڵا دڵسـۆزیش کۆچـی دواییـان کـردووە، بـەڵام پێش ئێمـە چەنـد کوردێکـی دیکـە لـە پەیمانگەکـە بـوون.

**ڕامان:** ئەوانە کێ بوون، ناویان چ بوو؟

**زاهیـر محەمــەد:** لەوانــە یەحیـا مەرجـان و فوئـاد عوسـمان بـوون، ئەحمـەد خـدر، کـە پێیـان دەگـوت ئەحمــەد شـەنگە، ئەویـش لــەوێ بـوو، ئێسـتاش مـاوە، ئەوانـەی لەبیـرم مابـن، هـەر ئـەو چەنـد کەسـە بـوون.

**ڕامـان:** ئێسـتا ئێـوە نزیکـەی بیسـت ڕۆژ- مانگێکتـان لـەو پارەوە بـەرێ کـرد تـا بەشـی ناوخۆییەکـی دیکەیـان بۆتـان بەکـرێ گـرت؟

**زاهیـر محەمــەد:** بەڵـێ، لـەو ماوەیـەی کـە نزیکـەی مانگێـک بـوو، دەوامـمـان دەکـرد، لـەو پارەوە زۆر بێـزار بووبـووم، هەواڵیـان بـۆ نـاردم و گوتیـان وەرە لـە هەولێـر، لـە بەشـی زانسـتی وەرگیـراوی، منیـش گوتـم کـە وایـە دەچمـەوە لـە هەولێـر دەخوێنـم، ئـەو کاتـی لـە هەولێـر بەشـی ناوخۆیـی هەبـوو، گوتـم دەچمـەوە لـە هەولێـر لـە بەشـی زانسـتی دەوام دەکـەم. ئەنـوەر تاهیـر تونـد دەسـتی گرتـم و گوتـی ئـەوە بەجێـم دێڵـی، وەڵـڵا ناهێڵـم، ئـەوە بـوو نەیهێشـت و لـە بەغـدا مامـەوە.

**ڕامـان:** هەسـت دەکـەی لـەو کارەی ئەنـوەر تاهیـر بەرانبـەرت کـردی، چاکەکـەی بووەتـە هـۆی ئـەوەی لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا بمێنیتــەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، ئـەو نەیهێشـت بێمـەوە، دەنـا دەهاتمـەوە.

**ڕامـان:** ئـەو هەڵوێسـتەی گرنگـە، چونکـە ژیـان و ئاییـنـدەی تـۆی گۆڕیـوە.

**زاهیـر محەمـەد:** ئەگـەر هاتبامـە بەشـی زانسـتی، کێ ناڵێ ئێستا دوکتۆرێک، ئەندازیارێک نەدەبووم، چونکـە لـە وانەکانـی زانسـتی نمرەی باشـم هێنابوو، کـەس بـە ئاسـانی لـەو بەشـە وەرنەدەگیـرا، وابزانـم لـە کۆیـە تەنیـا مـن وەرگیرابـووم، دوای ئـەوە چەنـد کەسێک لەوانـەی هـەژار بـوون و نەیاندەتوانـی بچنـە جێگـەی دی بخوێنـن، داواکارییەکیـان بـۆ مەعاریفـی هەولێـر پێشـکەش کردبـوو، ئـەوە بـوو مەعاریـف، بەشـی ئەدەبییـان لـە کۆیـە کـردەوە.

**ڕامان:** ئەو قوتابیانە ژمارەیان زۆر بوو؟

**زاهیــر محەمــەد:** وابزانـم هەشـت نـۆ کـەس دەبـوون، ئەوانـەی لـە کۆیـە بـوون، بەشـێکیان بەتایبەتـی بـۆ ئـەو چەنـد کەسـە کـردەوە، دوایـی ژمارەیـان زیـادی کـرد، بوونـە پۆلـی پێنـج و ئـەو پۆلەشـیان بۆیـان کـردەوە، لـەو ڕۆژەوە تـا ئێسـتاکە لـە سـانەوی کۆیـە، سـەرەتا بەشـی ئەدەبـی، دوایـی بەشـی زانسـتی کرایـەوە و تـا ئێسـتا بەردەوامـە.

**ڕامـان:** نـاوی ئەندامانـی ئـەو لیژنەیـەی لـە بەغـدا ئێوەیـان تاقـی کـردەوە، چەنـد کـەس بـوون، ئەوانـە کـێ بـوون؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئەوانـەی ئێمەیان تاقی کردەوە، ئـەوەی پێوەنـدی بـە مۆسـیقاوە هەبـوو، لیژنەکـەی دانیشـتبوون، بریتـی بـوون لـە ڕەوحـی خەمـماش، جەمیـل سـەلیم، غانـم حـەدداد، یەکێکـی دیکـەش وابزانـم ئـارام تاجدیـان، لـە بەشـی ڕۆژئاواییەکـەی بـوو، ئەوەیـان دواتـر بـووە مامۆسـتای مـن، دەرچـووی پاریـس، بەشـی کەمـان بـوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە عێراقی بوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، عێراقـی بـوو، وابزانـم ئەرمەنـی بـوو.

**ڕامـان:** ئاخـر ئـەو کاتـە دەچـوون هەندێـک پسپۆڕیان لە وڵاتانی دیکـەوە دەهێنـا، بۆ ئەوەی وانـە بـە قوتابیانـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان بڵێنـەوە، وامزانـی ئەمـەش لـەو کەسـانەیە؟

**زاهیـر محەمـەد:** نەخێـر، ئـەوە عێراقـی، بـەڵام کەسـێکی زۆر بەناوبانـگ بـوو، دەرچـووی پاریـس و مامۆسـتایەکی زۆر گرنـگ بـوو. ئـەوەت بـۆ بـاس بکـەم، کـە لیژنەکـە بانگیـان کردیـن، تاقیکردنـەوەی دەنـگ و ڕیتـم و ئەوانەیـان پـێ کردیـن، مـن دەنگـم بـاش بـوو، گوتیـان چ ئامێرێکـی مۆسـیقا لـێ دەدەی؟ گوتـم هەندێـک کەمـان دەزانـم لـێ بـدەم، ئەوسـا کەمێکمـان لـێ دەزانـی، گوتیـان باشـە چ پارچـە مۆسـیقایەک دەزانـی؟ نـاوی پارچـە مۆسـیقایەکم گـوت. گوتیـان ئەمـە هیـی کێیـە؟ منیـش نـاوی ئەندامەکانـی لیژنەکـەم نەدەزانـی و نەدەمناسـین، نەمدەزانـی ئەوانـە کـێ و کێـن، کـە بوونـە مامۆسـتامان، ئەوجـا بـە باشـی ناسـیمانن.

**ڕامـان:** نـاوی خاوەنـی پارچـە مۆسـیقاکەت زانـی؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، گوتم ئەو پارچە مۆسیقایە هیـی غانـم حـەدداده. یەکێکیـان پێکەنـی و گوتـی ئـەوە غانـم حـەدداده، بەبـێ پرسـیاری دی، یەکسـەر بـە منیـان گـوت بـڕۆ وەرگیـرای- ڕوح مقبـول، دوایـی ئەنـوەر تاهیریـان بانـگ کـرد، ئەویـش دەنگـی خـۆش بـوو، وەرگیـرا، بـەم شـێوەیە ئـەو دووانەمـان وەرگیرایـن، ئیـدی ئاگامـان لـە بەشـی نیگارکێشـان نەبـوو، کەریـم حەمـەد، نیگارکێشـێکی بـاش بـوو، ئەویـش وەرگیـرا، کـە هەرسـێکمان وەرگیرایـن، ئەوانـەی لیژنەکـە بوونـە مامۆسـتامان، پاشـان یـەک بـە یـەک ئەوانەمـان ناسـی.

**ڕامـان:** کەواتـە بـە بەهـرە و توانایـی خۆتـان لـەوێ وەرگیـران؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، بـە بەهـرەی خۆمـان وەرگیرایـن.

**ڕامـان:** هیـچ ئـەم لا و ئـەو لای نەویسـت، بـۆ وەرگرتنتـان کەسـێک نامەتـان بـۆ بنووسـێ؟

**زاهیـر محەمـەد:** نـا، ئـەوەی نەویسـت، لـەوێ سـێ سـاڵان دەوامـمـان کـرد، مـن لـە بەشـی کەمانـی ڕۆژئـاوا وەرگیـرام.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـی خوێنـدن لـە پەیمانگـە سـێ سـاڵ بـوو، پێشـتر پێنـج سـاڵ بـوو؟

**لە ساڵانی شەستەکاندا ئێزگەی کوردیی بەغدا، بۆ ئێمە دەروازەیەکی زۆر باش بوو.**

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، لـە کاتـی خوێندنـی ئێمـە سـێ سـاڵ بـوو، لـە بەشـی کەمانـی ڕۆژئاوایی بـە پلەیەکـی زۆر بـاش دەرچـووم.

**ڕامـان:** سـاڵی یەکەمـی خوێنـدن پسـپۆڕی هەبـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** هـەر لـە سـەرەتاوە کـە دەچیتـە پۆلـەوە، پسـپۆڕی دەسـت پـێ دەکات، بـەڵام ئەنـوەر تاهیـر لـە بەشـی کلارنێـت وەرگیـرا، ئێمـە لـە بەینـی خۆمـان گوتمـان، ئـەوە دیـارە مـن لـە بەشـی کەمـان بـووم، چونکـە پێشـتر شـتێکم لـێ دەزانـی، بـە ئەنـوەر تاهیرمـان گـوت تـۆش لـە بەشـی کلارنێـت بـەردەوام بـەو بخوێنـە.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـی کلارنێـت لـە کوردسـتان هـەر نەبـوو، تەنیـا شـەوکەت ڕەشـید کـە لـە کەرکـووک بـوو، کلارنێتـی لـێ دەدا.

**زاهیـر محەمـەد:** ئەویـش هیـی سـپا بـوو، لـەو زیاتـر کلارنێـت نەبـوو، هەر لە کوردسـتان مۆسـیقا و ئامێـری مۆسـیقا کـەم بوون، ئەوسـا وەک ئێسـتا نەبـوو کـە بـە سـەدان و بـە هـەزاران موزیکـژەن هـەن، ئەوانـەی موزیکـژەن و هونەرمەنـد بـوون، لـە

هەموو کوردستانی خۆمان، چەند کەسێک بوون و بە پەنجەی دەست دەژمێردران.

**ڕامان:** ئەنوەر تاهیر کە چووە بەشی کلارنێت، ئێوە پێتان باش بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەنوەر تاهیر گوتی دەچمە بەشی کلارنێت، ئێمەش گوتمان بەشی کلارنێت زۆر باشە، کوڕێکی هەڵەبجەییش لەگەڵمان لە بەشی کلارنێت، لە پۆلی سێیەم، ناوی حەسەن مستەفا بوو، یەکێکی دیکە ئەرمنی و خەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام وابزانم لە بەغدا دادەنیشت، ناوی ئەلبێرت کیغام بوو، ئەو دووانە بەشی کلارنێت بوون، ئێمە خەیاڵی ئەوەمان هەبوو بێینەوە کۆیە و تیپ دامەزرێنین، گوتمان با ژەنیاری کلارنێتمان هەبێ، ئەو دووانەش یارمەتیمان دەدەن، ئەوە بوو لە کلارنێت وەرگیرا.

**ڕامان:** مامۆستای ئامێری کلارنێت کێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** مامۆستایەکی چیکۆسلۆڤاکی، یان یۆغسلاڤی بوو، بێگانەیەک دەرسی پێ دەگوت، ناوی شوبرت کۆبیسا بوو، ئەوە بەناوبانگ بوو، زۆر لەگەڵ ئەنوەر تاهیر خەریک بوو، یەکەم جار بە ئەنوەر تاهیری گوت نابێ جگەرە بکێشی، ئەنوەر تاهیریش جگەرەکێشێکی زۆر خراپ بوو، هەموو جارێ کە مامۆستاکەی دەیدی، جگەرەکەی لە دەستی دەستاند و دەیگوت نابێ جگەرە بکێشی.

**ڕامان:** بەو مامەڵەیەی مامۆستاکەی، ئەنوەر تاهیر جگەرەی پێ تەرک کرا؟

**زاهیر محەمەد:** زۆری پێ گوت خراپە و لەبەر هەناسەت نابێ بیکێشی، پێی دەگوت ژەنینی کلارنێت بە هەناسەیە، دەبێ هەناسەت باش بێ، پێی تەرک نەکرا.

**ڕامان:** دواجار کە نەیتوانی واز لە جگەرەکێشان



**کۆیە (چنارۆک)، ٩/ ٧/ ١٩٦٧، لە ڕاستەوە: زاهیر محەمەد، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی.**

بهێنێ، لەگەڵ ئەو مامۆستایە گەیشتنە کوێ؟

**زاهیر محەمەد:** ڕۆژێک ئەو مامۆستایە چووبووە لای یاریدەدەری ڕاگر و گوتبووی من ئەو قوتابییەم ناوێ، چونکە ئەوە جگەرە دەکێشێ و پێی تەرک ناکرێ. ئەنوەر تاهیر هاتە لامان و گوتی باشە ئەوە منی ناوێ، بەڕای ئێوە بچمە چ بەشێک، ڕێککەوتین و گوتمان بچۆرە بەشی ئامێری قانوون.

**ڕامان:** ئەو کاتی ئامێری قانوونیش لە کوردستان نەبوو، کوردێک نەبوو قانوون بژەنێ.

**زاهیر محەمەد:** کە چووە ئەو بەشە، مامۆستایەکی ترک، خەڵکی تورکیا بوو، لە ئەستەنبوڵەوە هاتبوو، وانەی قانوونی دەگوتەوە و زۆر باش بوو، ناوی جونەید واڕۆڵ، شتێکی ئاوا بوو، ئەو وانەی ئامێری قانوونی پێ دەگوت، ئەنوەر تاهیر هەتا دوایی لە بەشی قانوون مایەوە، قانوونژەنێکی باشیشی لێ دەرچوو، بەو شێوەیە سێ ساڵمان بەڕێ کرد، لە ساڵی سێیەم بارودۆخ زۆر ناخۆش بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو کە بارودۆخ وا تێکچووە و ناخۆش بووە؟

**زاهیر محەمەد:** ساڵانی ١٩٦٢ بەدواوە، بارودۆخ

زۆر خراپ بوو، واتە ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ دەکات، ئێمە ئەو ساڵە تەواومان کرد و دامەزراین.

**ڕامان:** جارێ پێش ئەوەی دامەزرێن، باسێکی بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنەکەتمان بۆ بکە، مامۆستاکانی وانەکانیان پێ دەگوتنەوە، بێجگە لەو دوو سێ ناوەی ناوت هێنان، کێی دیکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** ساڵی یەکەم ئەوانەی وانەیان بە ئێمە دەگوتەوە، مامۆستایەکی ژن کە ئەڵمانی بوو، وانەی بە ئێمە دەگوتەوە. من و فەرەیدوون دارتاش لەگەڵ کوڕێکی دیکە کە خەڵکی شارەبان و ناوی مەحموود نەشاز بوو، بەهۆی زمانەکەیەوە بە مامۆستایەکی باشمان نەدەزانی، ماوەی ساڵێک وانەی بە ئێمە گوت، دوایی کە ئەو ڕۆیشت، دوو ساڵەکەی دیکە ئارام تاجدیان وانەی بە ئێمە گوتەوە، ئەوەیان مامۆستایەکی زۆر بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** وانەکانتان چی و چی بوون، مێژووی مۆسیقا و سۆڵفێجی تێدا بوو؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێک لە وانەکانمان مێژووی مۆسیقا بوو، ئەوەیان مامۆستا ئارام بابۆخیان پێی دەگوتین، ئارام بابۆخیان تیۆری مۆسیقا و سۆلفێجی ڕیتم و مێژووی مۆسیقای ڕۆژئاوای پێ دەگوتین، کە باسی بتهۆڤن و مۆزارت و ئەوانە بوون، ئەو هونەرمەندە گەورانەمان دەخوێند.

**ڕامان:** ئەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیتان نەدەخوێند؟

**زاهیر محەمەد:** بەشی ڕۆژهەڵاتی جیاواز بوو، ئەنوەر تاهیر کە قانوونی هەڵبژارد، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بوو، لە پەیمانگە بەشی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی هەبوو، من لە بەشی ڕۆژئاواییەکە بووم، ئەو لە ڕۆژهەڵاتییەکەی بوو، ئەو دوو ساڵەی دوایی مامۆستا ئارام تاجدیان وانەی پێ گوتین، ئیدی ساڵی ١٩٦٢ تەواومان کرد، لە مانگی دە دامەزراین، ئەوجا کەوتینە ساڵی ١٩٦٣، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢، بارودۆخ زۆر ناخۆش بووبوو، خوا خوامان بوو زوو تەواوی بکەین و بگەڕێینەوە کوردستان.

**ڕامان:** لەو سێ ساڵەی خوێندنتان چەند چالاکیت هەبوو، لە چەند ئاهەنگدا بەشدار بووی، لە کوێ و کوێ بەشدار بووی؟

**زاهیر محەمەد:** لەو ماوەیەی کە لە بەغدا دەمانخوێند، لە زۆر ئاهەنگان بەشدار بووم، ئاخر من لە ژەنیندا بەهێز بووبووم، بۆیە لە تیپی ئۆرکێسترایەکی ڕۆژهەڵاتی دامەزرام، ئەو کاتە من بوومە ئەندام لە تیپی ئۆرکێسترایەکی ڕۆژهەڵاتی.

**ڕامان:** کە لەو تیپەدا بە ئەندام وەرگیرای، لە ساڵی چەندەمی خوێندنتدا بووی؟

**زاهیر محەمەد:** هەر لە ساڵی ١٩٦٢وە بوومە ئەندامی ئەو تیپە.

**ڕامان:** لە سەرەتاوە کە چوویتە بەغدا، بوویتە ئەندامی ئەو تیپە ئۆرکێستراییە، تیپەکە بە تەواوی ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ناوی تەواوی تیپی ئۆرکێسترای ڕۆژهەڵاتی بوو.

**ڕامان:** ئەو تیپە سەر بە کوێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندن بوو، حیسام چەلەبی سەرۆکی تیپەکە بوو، کە مامۆستای پەیمانگەش بوو.

**ڕامان:** ئەو ئەندامێتییە پاداشت، یان مووچەی مانگانەی تێدا بوو؟

**زاهیر محەمەد:** مووچەی نەبوو، تەنیا ئەو جارە پاداشتێکیان داینێ، کە ڕاستەوخۆ چالاکییەکمان لە تەلەڤزیۆن تۆمار کرد، بۆ ئەو کارە سێ دیناریان دامێ، دەنا مووچەی تێدا نەبوو.

**ڕامان:** ئەی بۆ خەرجیی هاتوچۆی ئەم تیپە و ڕاهێنان و وەرە و بڕۆی ئێوە، هیچتان بۆ سەرف نەدەکرا؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو خەرجییانە لەسەر ئەوان بوو، چونکە بەردەوام دەچووینە ئێزگەی بەغدا، تەلەفزیۆنی بەغدا لەگەڵ ئێزگە بەیەکەوە بوون، ئێزگەی کوردییش هەر لەوێ بوو، لەوێ تۆمارمان دەکرد، خۆ ئەگەر لە ئاهەنگێکی میللی بەشدار بووبایەنە، ئەوە پاداشتێکی بچکۆلەیان دەداینێ.

**ڕامان:** ئەی پێوەندیت بە ئێزگەی کوردییەوە نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئێستا باسی ئەوەت بۆ دەکەم، ئەو ماوەیەی لە پەیمانگە بووین، پێوەندیمان بە ئێزگەی کوردییەوە کرد.

**ڕامان:** چۆن و لە کەیەوە ئەو پێوەندییەتان دروست کرد؟

**زاهیر محەمەد:** لە ڕێی تیپی ئۆکێسترای ڕۆژهەڵاتییەوە، یەکەم جار بۆ گۆرانیگوتن، عەبدوڵڵا دڵسۆز و ئەنوەر تاهیرم بردە ئێزگەی کوردییەوە، ئاوازم بۆ دانان و لە ئێزگەی کوردی بۆم تۆمار کردن.

**ڕامان:** ئەو کاتە کێ سەرۆکی تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** سەرۆکی تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی، ئەحمەد خەلیل بوو، ئەو کاتی ژەنیاری چاکیان هەبوو، نازم نەعیم کەمانژەن بوو، وابزانم ئێستا لە ئەمریکایە.

**ڕامان:** ناوی هەموو ژەنیارەکانی (ئێزگەی کوردی)ت لەبیر ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەگەر لەبیرم مابێ ئەحمەد خەلیل سەرۆک بوو.

**ڕامان:** ئەوە خۆی بە کورد دەزانی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، خۆی بە کورد دەزانی، بەتایبەتی زۆر گۆرانی لەسەر عەبدولکەریم قاسم هەبوو، کە ئەو کاتە ئەو جۆرە گۆرانیانە ڕەواجیان هەبوو، دواییش هەر بەردەوام بوو، ئاوازدانەرێکی زۆر بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** هەر ئەوە بوو ساڵانی حەفتاکان گۆرانی (هەر بژی کورد و عەرەب رمز النضال)ی گوت.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو گۆرانییە ئاوازی ئەوە، زۆر گۆرانی بۆ گۆرانیبێژە عەرەبەکان دانا، وەک ئاگادارم ئاوازی بۆ کوردەکانیش دادەنا. برایەکی هەبوو، ئەویش هەر لە هەمان تیپ بوو، ئیبراهیم خەلیل دەفی لێدەدا.

**ڕامان:** گوتت هونەرمەند (نازم نەعیم)یشیان لەگەڵ بوو؟

> **بە سەرپەرشتیی م. باکووری، لە ناوەندیی کۆیە تیپێکمان دامەزراند، لە خۆمانەوە ناومان نا باواجی.**

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، نازم نەعیم کەمانژەن بوو، لەگەڵ یەک دووانێکی دیکە، کە بەتەواوی ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، یەکێکی دیکەش هەبوو نابینا، ناوی کالۆ بوو، کە ئامێری عودی دەژەنی، عودژەنێکی زۆر بەهێز بوو، ئەوانە لە تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی بوون، لەوێ هەندێک گۆرانیمان تۆمار کرد، ئەو دەروازەیە بۆ ئێمە زۆر باش بوو.

**ڕامان:** یەکەم ئاوازت کە دانا، ناوی چ بوو، بۆ کێت دانا؟

**زاهیر محەمەد:** یەکەم ئاوازم لەسەر شیعرێکی حەمەساڵح دیلان دانا، ناوونیشان و ناوەڕۆکەکەی لەبارەی بەهارەوە بوو، ئەو ئاوازە ئەنوەر تاهیر گوتی، یەک دوو گۆرانیشم بۆ عەبدوڵڵا دڵسۆز ئامادە کرد.

**ڕامان:** دوای یەکەم ئاوازت، ئەوجا دوو ئاوازەکەی دیکەت بۆ عەبدوڵڵا دڵسۆز دانا؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لەسەر ئاوازدانان بەردەوام بووم، لە بۆنەکاندا گۆرانیم بۆ ئامادە دەکردن و دەچووین لە ئێزگەی کوردی تۆمارمان دەکردن، ئەو کاتە پارەیان دەدا، بۆ هەر گۆرانییەک و هەر سێ بەشەکە پارەیان دەدایێ، بە جیا پارەی شیعر، سێ دینار، ئاواز سێ دینار، گوتنەکە سێ دینار بوو، واتە بە هەر سێکی دەبووە نۆ دینار، ئێمە لەناو خۆمان ڕێککەوتبووین و وەک یەک نۆ دینارەکەمان دابەش دەکرد.

**ڕامان:** کە نۆ دینارەکەتان وەردەگرت، لەنێوان دوو، یان سێ کەس دابەشتان دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** دوو کەس بوو، من و ئەنوەر تاهیر یەکی چوار و نیومان بەردەکەوت، لەگەڵ عەبدوڵڵا دڵسۆز هەمان شت، بۆ هەر سێ بەشی گۆرانییەکە کە پارەکەمان وەردەگرت، بە هەر سێ بەشەکە دەبووە نۆ دینار، چونکە زۆربەی جاران شیعرەکە هیی خەڵکی دیکە بوو.

**ڕامان:** دوو ئاوازەکەی بۆ عەبدوڵڵا دڵسۆزت دانا، ناویان چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێکیان ناوی «من دڵشکاو نیم»، شیعری «مەدهۆش» بوو، گۆرانییەکەی دیکەیان لەسەر کوردستان بوو، وابزانم ئەوەیان شیعری ئەحمەد دڵزار بوو، ئەوانەمان تۆمار کرد.

**ڕامان:** بۆخۆت شیعرەکانت بۆیان هەڵدەبژارد؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەر من هەڵم دەبژاردن و ئاوازم بۆ دادەنان، کە شیعرەکەی ئەحمەد دڵزارم بۆ هەڵبژارد، لەسەر کوردستان بوو، کاتێک چووین بۆ وەرگرتنی پارەکە، دەبووایە شاعیرەکە بۆخۆی ئامادە بێ، بۆخۆت دەزانی ئەحمەد دڵزار شیوعی بوو، خۆی شاردبووەوە، وابزانم لە شەستەکان لێرەش نەبوو، ئەو ئەحمەد خدرە، ئەوەی پێی دەڵێن ئەحمەد شەنگە، ئەوم بۆ وەرگرتنی پارەکە برد.

**ڕامان:** بیرت لە ئەحمەدێکی باش کردووەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، زۆر لێمان نزیک بوو، کە ناسنامەیان لێ وەرگرت، نووسرابوو ئەحمەد خدر، لە لیستەکەش نووسراوە ئەحمەد دڵزار، گوتیان ئەحمەد دڵزار کامەیە؟ گوتم ئەوە ئەحمەدە. گوتیان ئەوە ئەحمەد خدرە. گوتم ئاخر ئەوە نازناوی شاعیراتییەکەی دڵزارە، خۆی ناوی ئەحمەدە، خدر باوکیەتی، باپیریشی نووسرابوو، گوتم نازناو لە ناسنامەکەیدا نانووسرێت، گوتیان تەواوە، بەو جۆرە پارەی شیعرەکە کە سێ دینار بوو وەرمانگرت.

**ڕامان:** تا لە بەغدا خەریکی خوێندن بووی و پێش ئەوەی دابمەزرێی، دواییش دێینەوە سەر دامەزرانەکەت، چەند ئاوازت دانا و چەند جار بۆ تۆمار کردن چوونە ئێزگەی کوردی؟

**زاهیر محەمەد:** ئاوازەکان زۆر بوون و لەبیرم نەماون، لەوانەیە هەشت، نۆ ئاواز بن، کە بۆ عەبدوڵڵا دڵسۆز و ئەنوەر تاهیرم دانان.

**ڕامان:** هەر بۆ ئەو دوو کەسە ئاوازت دانا، بۆ کەسی دیکە ئاوازت دانەنا؟

**زاهیر محەمەد:** با، یەکێکی دیکەش هەبوو، قادر ئەحمەد-ێک، لە ئێزگەی کوردی کۆرس بوو، ئاوازی گۆرانییەکیشم بۆ ئەو دانا، نازانم لەسەر چ بوو، لە بیرم نەماوە، چونکە زۆر لەمێژە، ئەوە لە ساڵانی شەستەکان بوو.

**ڕامان:** قادر ئەحمەد-م لە نزیکەوە لە ئێزگە دیبوو، دەنگی خراپ نەبوو، بەڕاست، ئێستا ئەو پیاوە ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** باوەڕ ناکەم مابێ، ئەو و ئەحمەد شێخاڵی، ئەوانە لە ئێزگەی کوردی کۆرس بوون، سێ کەس کۆرس بوون، قادر

ئەحمەد و ئەحمەد شێخاڵی و یەکی دریژیش بوو، ناوەکەیم لە بیر نەماوە، جاریکیش نەسرین شێروان لەگەڵیان بەشدار بوو، لە کۆرس لەگەڵیان بوو.

**ڕامان:** ڕێک نەکەوت ئاواز بۆ نەسرین شێروان دابنێی؟

**زاهیر محەمەد:** نا، ئاوازم بۆ ئەو دانەناوە.

**ڕامان:** ئەو تیپەی ئەحمەد خەلیل سەروکاری دەکرد، بەخۆی و ئەندامانی گرووپەکەی، مامەڵەیان لەگەڵتان چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر باش بوون، یەک دووانێکیان کوێر بوون، ئەحمەد خەلیل زۆر باش بوو، زۆر هانی دەداین بەردەوام بین، کە ئاوازمان بۆ دەبردن، زوو فێری دەبوون، گۆرانییەکمان ئامادە دەکرد، یەکسەر بۆیان تۆمار دەکردین، کەسانی زۆر باش بوون.

**ڕامان:** زیاتر کارەکانت لەگەڵ کێ ڕادەپەڕاند؟

**زاهیر محەمەد:** ناوە ناوە ئەنوەر تاهیر دەهات، بەردەوام گۆرانیمان ئامادە دەکرد، دوو گۆرانیشم بۆ عەدنان جەمال ئامادە کرد و لە ئێزگە لەگەڵ ئەو تیپە تۆمارمان کردن. عەدنان جەمال کاتی خۆی ئاوازێکی دانابوو، «پێشەوایە پێشەوایە عەبدولکەریم پێشەوایە»، ئەمە شیعری فەرهاد عەونی بوو، ئەو کاتی عەبدولکەریم قاسم نەمابوو، من شیعرێکی دیکەم بۆ دانا، شیعرەکەم گۆڕی، بە هەمان ئاواز گوتی، کردمانە وا بەهارە وا بەهارە، ئەوەمان تۆمار کرد.

**ڕامان:** وا دیارە بە بەهارەوە گرتووتە، وەک پێشتر باست کرد، ئاوازی شیعرەکەی ئەحمەد قادریش هەر باسی بەهار بوو.

**زاهیر محەمەد:** بەڵی، ئەوەش شیعرەکەی لەسەر بەهارە.

**ڕامان:** ئەو دوو گۆرانییەی گوتت یەکیان (وا بەهارە)یە، ئەدی ئەوەکەی دیکە ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** گۆرانی سۆلاف بوو، بەبێ ئاگاداری من چووبوو تۆماری کردبوو.

**ڕامان:** سۆلاف شیعری کێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** گۆرانی سۆلاف، شیعرەکەی هی ئەحمەد دڵزارە، «ئەم لات کەژێکە، ئەولات کەژێکە، جوان و سەخت و بەرز، لە ناوەڕاستا دۆڵی سۆلافە، پڕ لە باخ و ڕەز».

**ڕامان:** ئەی گۆرانی سێیەم کامە بوو؟

**زاهیر محەمەد:** گۆرانییەکەی دیکەش ئاواز و شیعرەکەشی هی خۆم بوو، لەسەر خێزانەکەم دامنابوو، ئاخر خێزانی یەکەمم لە کوت سووتا و ئەمری خوای کرد، ناوەرۆکی شیعرەکەش تراژیدییە، ئەوەم دایە عەدنان جەمال و تۆماری کرد.

**ڕامان:** تۆ کە لە خوێندن تەواو بووی، یەکسەر دامەزرای، وا دیارە وەزارەتی پەروەردە زوو ئێوەیان دامەزراندووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بڕیارەکە لە وەزارەتی پەروەردە دەرچوو، من دەبووایە لە هەولێر دامەزرێم.

**ڕامان:** هۆکارەکە چی بوو لە هەولێر دانەمەزرای، بۆچی تۆیان ناردە کوت و یەکەم جار لەوێ دامەزرای؟

**زاهیر محەمەد:** سەرەتا وای تێگەیشتم کە لەوانەیە هۆیەکەی سیاسی بێ، بەڵام دوایی زانیمەوە بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی کوت، زۆر بڕادەری هونەرمەند حەقی شبلی بوو، کە لەوێ دامەزرام و لە چالاکیی قوتابخانەکان دەستبەکار بووم، بەرپرسەکە ناوی عەبوود مەنسوور بوو، لە شاری کوت مۆسیقا هەر نەبوو، بە حەقی شبلی گوتبوو،

کـە زۆر بـرادەری بـوو، لـە دەرچووانـی ئـەم سـاڵ یەکێکمـان بـۆ بنێـرە ئێـرە کـە دەرچـووی بەشـی مۆسـیقا بـێ، بەشـکەم تۆزێـک مۆسـیقا لـە پارێـزگای کـوت ببووژێتـەوە.

**ڕامـان:** بـە گوێـرەی ئـەو قسـەیەت بـێ، حەقـی شـبلی تـۆی بـۆ چالاکیـی قوتابخانەکانـی ئـەوێ دەستنیشـان کـردووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، منیـان فـڕێ دایـە ئەوێ، ئەوجـا هـەر بەڕاسـتی مـن لـەوێ جووڵانەوەیەکـی هونەریـی زۆر باشـم بەرپـا کـرد، تیپـی مۆسـیقام بۆیـان دامەزرانـد، ئێسـتاش گرووپەکـەی مـن لـەوێ مـاون، هەمـوو قوتابییـەکان بوونـە مامۆسـتا و هەندێکیـان لـە دەرەوەی وڵات خوێندنیـان تـەواو کـرد.

**ڕامـان:** دۆسـتایەتیت لەگـەڵ حەقـی شـبلی، نەقیبـی هونەرمەندانـی عێـراق هەبـوو، کەنگـێ ناسـیت، دوای ئـەوەی لـە پەیمانگـە دەرچـووی، یـان پێشـتر ناسـیبووت؟

**زاهیـر محەمـەد:** یـەک جـار لـە بەغدا دیتبووم، دوایـی بـوو بـە نەقیبـی سـەندیکای هونەرمەنـدان، بـەڵام کـە لـە کـوت دامـەزرام، ئـەوە بـوو هاتـە کـوت، لـەوێ بـە چاکـی یەکترمـان ناسـی و چەنـد ڕۆژێـک لەلامـان مایـەوە.

**ڕامـان:** ئـەوکات حەقـی شـبلی بـە چ سـیفەتێک هاتـە کـوت؟ وەک سەرپەرشـتیاری هونـەری، یـان نەقیبـی سـەندیکای هونەرمەنـدان هـات؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەو بەرپرسـی سـەندیکای هونەرمەنـدان بـوو، هاوڕێـی ئـەو (عەبـوود مەنسـوور)ەش بـوو، بەهـۆی برادەرایەتییەکەیـەوە هاتبـوو، تەماشـای جووڵانـەوەی هونەریـی شارەکەشـی دەکـرد، دوای ئـەوێ، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ گەڕامـەوە کۆیـە، پـاش ماوەیـەک جارێکـی دیکـە بینیمـەوە، ئەوجـارە حەقـی شـبلی هاتـە کۆیـە و منـی ناسـییەوە و بـە یەکـەوە چووینـە لای قایمقامـی کۆیـە.

**ڕامان:** ئەوجارە چۆن بوو هاتبوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** هاتبـوو لقـی سـەندیکای هونەرمەندان لـە کۆیـە بکاتـەوە، لەگـەڵ جەمـال هیدایـەت و سـوڵتان عەبدوڵـڵا و تەحسـین تەهـا هاتبـوو.

**ڕامـان:** ئـەو سـەردانەی کۆیـەی سـاڵی چەنـد بـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** لـە سـاڵانی حەفتـاکان بـوو، بارودۆخەکـە تێکچووبـوو، لەوانەیـە دوای ١٩٧٤ و ئـەو سـاڵانە بووبـێ، دۆخەکـە زۆر ناخـۆش بـوو، ئـەو کاتـی کۆیـە قـەزا بـوو، گوتیـان لـە هیـچ قەزایـەک لقـی سـەندیکا نەکراوەتـەوە، ئیـدی بـە نـاوی سـەندیکای هونەرمەندانـی عێـراق، ویسـتیان ئـەو لقـە لـە کۆیـە بکەنـەوە.

**ڕامـان:** ئـەوە بـە داوای کـێ هاتـن لـە کۆیـە ئـەو لقـە بکەنەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** سـەندیکای هونەرمەنـدان- لقـی هەولێـر داوایـان لـە بەغـدا کردبـوو، گوتبوویـان لـە کۆیـە لقێـک بکەنـەوە، ئـەوە بـوو یەکسـەر لـە بەغـداوە هاتـن لقێک بکەنـەوە، حەقـی شـبلی بۆخـۆی هـات، دوایـی بـە ئێمەیـان گـوت ئـەو کەسـەی دەبێتـە بەرپرسـی لقەکـە، دەبـێ بەعسـی بێـت، ڕاستییەکەی منیـان بـۆ لقەکـە هەڵبژاردبوو، گوتـم مـن هـەر نایکـەم، دوایـی داوایـان لـە ئەنـوەر تاهیـر کـرد، ئەویـش گوتـی بـە مـن بەڕێـوە ناچـێ و نایکـەم، داوایـان لـە سـەردار ئەحمـەد کـرد، ئەویـش گوتـی مـن نایکـەم، دواجـار لقەکـە هـەر نەکرایـەوە و تـا ئێسـتاش نەکرایـەوە، ئـەو نووسـراوە لـەلای مـن مـاوە کـە لـە کۆیـە لـق بکرێتـەوە، بـەڵام تـا کۆتایـی نەکرایـەوە، لەبـەر ئـەوەی هیچمـان ئامـادە نەبوویـن ببینـە بەعسـی، بۆیـە نەکرایـەوە.

**ڕامان:** لە ساڵی چەند تا چەند لە کوت بووی؟

**زاهیر محەمەد:** لە ١٩٦٢ تا ١٩٦٥، لە کاتی ناخۆشییەکە لەوێ بووم، لە ساڵی ١٩٦٥ گوێزرامەوە لیوای هەولێر، ئەو کاتە پێیان دەگوت لیوا، کە هاتمەوە هەولێریش دەمودەست چووم نووسراوەکەم بۆ بردن، ئەو کاتی نەشئەت سەفەوت بەڕێوەبەری مەعاریف بوو، کە چووم نووسراوەکەم بۆ برد، م. سدیق عەبدولقادر لە لای دانیشتبوو، دیاربوو زۆر برادەری بوو، م. سدیق عەبدولقادر ماوەیەک بەڕێوەبەرمان بوو، دەرسیشی پێ دەگوتین، کە منی بینی یەکسەر بە بەڕێوەبەری مەعاریفی گوت، ئەوە کوڕێکی زۆر چالاکە، وەرزشوان و هونەرمەندە و ئەوەیە و ئەوەیە، زۆر ستایشی کردم.

**ڕامان:** ستایش و قسەکانی لەلای بەڕێوەبەری مەعاریف خواردی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، یەکسەر گوتی زۆر باشە، نووسراوەکەم دایە دەستی و گوتم لە (کوت)ـەوە گوێزراومەتەوە ئێرە. گوتی زۆر باشە، کوێت دەوێ؟ گوتم ئەو سێ ساڵە لە کوت لە چالاکیی قوتابخانەکان بووم. گوتی لە چالاکیی قوتابخانەکانمان لە هەولێر جێگەمان نییە. گوتم لە هەولێر دامبنێی نامەوێ. گوتی ئەی کوێت دەوێ؟ گوتم دەچمە کۆیە. ئەو کاتە کە بارودۆخ ناخۆش بوو، خەڵک لە کۆیەوە خۆی دەگوێزایەوە هەولێر، کۆمەڵێک لە مامۆستا کۆنەکان وەک مامۆستایان موعتەسەم مەلا مەجید و عەبدوڵڵا ئەحمەد و ئەوانە، لەبەر ناخۆشیی بارودۆخەکە خۆیان گوێزابووەوە هەولێر.

**ڕامان:** کە گوتت دەچمە کۆیە، هەڵوێستی چۆن بوون؟

**زاهیر محەمەد:** بە سەرسوڕمانەوە گوتی دەچییە کۆیە؟ گوتم بەڵێ دەچمەوە کۆیە، بەڕاستی ئەو کاتی ژیانم بە تەواوی ناخۆش بوو، تازە لێم قەومابوو، باری داراییم هەر یەکجار خراپ بوو، بێ پارە بووم و هەر هیچم نەبوو، کە گوتم دەچمەوە کۆیە، یەکسەر تەلەفۆنێکی کرد، ئەو کابرایە هات کە ناوی شەعلان، یەکێکی درێژ بوو، گوتی عەریزەیەکی بۆ بنووسە و بهێنە ئێستا فەرمانی کارگێڕی بۆ دەرکە، بەم شێوەیە و لەو ڕۆژەوە، لە ساڵی ١٩٦٥وە چوومەوە کۆیە.

**ڕامان:** با لەسەر مانەوەت لە کوت هەندێک قسە بکەین، تۆ کە لەناو کوت چوویتە چالاکیی قوتابخانەکانەوە و لەوێ تیپت دروست کرد، لە چالاکیی قوتابخانەکان چیت کرد، بە وردی بۆمانی باس بکە؟

**زاهیر محەمەد:** لە کوت لە چالاکیی قوتابخانەکان بووم، کوڕێکی دیکەشی لێ بوو، ئەو لە پێش من لەوێ بوو، ناوی ساحیب námووس بوو، براکەشی حەسەن námووس، لە بەشی شانۆی چالاکیی قوتابخانەکان بوو، بەڵام کاتی خۆی هەر وا دەریان چواندبوو، ئاستی باش نەبوو، سەرەتا نەیدەزانی ئامێرەکەی خۆشی کۆک بکا، من ئەو ماوەیە لەگەڵ ئەویش خەریک بووم، دوایی وردە وردە تۆزێک باش بوو، پاشان یەکێکی دیکەمان دۆزییەوە، کە لە گوندێکی نزیک ئەوێ مامۆستا بوو، نای لێدەدا، ئەوەمان هێنایەوە کوت، زۆر زانیاریم لەسەر نای و مۆسیقا پێ دا و هێنامانە چالاکیی قوتابخانەکان، ئەوە ناوی ڕەحمان جاسم ئەلمەگسووسی بوو، ئێستا لە بەغدایە و ماوە.

**ڕامان:** هیچ ڕێت نەکەوتە بەدرە و جەسان و ئەو شار و شارۆچکە کوردیانەی ئەو ناوە کە شاری کوت زۆر لێیانەوە نزیکە، مەبەستم

ئەوەیە بڵێم کە تۆ وەک کوردێک لەوێ بوویت، کوردەکان نەهاتن بەلاتەوە، هاوکارییان نەکردی؟

**زاهیر محەمەد:** هەر لەناو شاری کوت، کوردی زۆری لێیە.

**ڕامان:** ئەوانە هاوکارت بوون، ئیشیان لەگەڵ کردی؟

**زاهیر محەمەد:** لە قوتابخانەکان قوتابی کورد زۆر بوون، پاش نیوەڕۆیان بۆ ڕاهێنان دەمانبردنەوە و لە چالاکیی قوتابخانەکان تیپێکمان دامەزراند.

**ڕامان:** ئەوانە بە کوردی قسەیان دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەندێکیان بە کوردی و ئەوانی دی هەموویان بە عەرەبی قسەیان دەکرد.

**ڕامان:** وابەستەبوونیان بە کوردبوونی خۆیانەوە دەردەخست؟

**زاهیر محەمەد:** فەیلییەکانی ئەوێ ئەندامی پارتی بوون، من لەگەڵ هەندێک لە خانەوادەکان پێوەندیم پەیدا کردبوو، بەتایبەت لەگەڵ پیاوێک کە ناوی حاجی عەباس بوو، کەرستە و کەلوپەلی ئۆتۆمبێل و شتی وای دەفرۆشت، ئەوە مامی عەزیزولحاج و حەبیب محەمەد کەریم بوو، من لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە پێوەندی زۆرم پەیدا کردبوو، بەتایبەت بە ناوی پارتایەتی.

**ڕامان:** دوایی لە کاتی بارودۆخە ناخۆشەکە کە لەوێ مایتەوە، کێی دیکەت لەو شارەدا بینی و چ یادگارییەکت هەیە؟

**زاهیر محەمەد:** ڕۆژێک لە شەقام لەسەر سەتی پیاسەم دەکرد، تەماشام کرد کەسێک جانتایەکی بەدەستەوەیە و بە عاجزی پاڵی بە محەجەرەکەی سەر سەتی دابوو و تەماشای ئاوەکەی دەکرد، بەڵام زۆر عاجز و مەلوول بوو، یەکسەر ناسیمەوە، لە پشتەوە چووم دەستیم گرت، ئاوڕی دایەوە، دەستی لە ملم کرد، گوتی ئەوە لە کوێ بۆم پەیدا بووی؟ گوتم تۆ لێرە چ دەکەی؟ گوتی ئێستا منیان بە کەلەبچە هێناو لێرەیان دانام، ئەوە جانتاکەمە، نە کەس دەناسم، نە جێیەک پێ دەزانم.

**ڕامان:** ئەو کەسە کێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەنوەر توفی بوو، کە لە سلێمانی بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان بوو، بە کەلەبچەیی هێنابوویان و بۆ ئەوێ دووریان خستبووەوە.

**ڕامان:** دیارە پێشتر ناسیوتە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، من پێشتر دەمناسی.

**ڕامان:** لە کوێ ناسیت، چۆنت ناسی؟

**زاهیر محەمەد:** لە سلێمانی دەمناسی، بە هۆی ویلیەم یوحەننا و ئەنوەر قەرەداغی و ئەوانەوە ناسیم.

**ڕامان:** ناسینیکی سەرپێی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** کەمێک دەمناسی، بەڵام کە لەوێ منی بینی، گوتم وەرە لای من، لە هۆتێل خەیام ژوورێکم هەبوو، خاوەنی هۆتێلەکە ژوورێکی دابوومێ، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی لە مۆسیقا لەلام بوو، لە قوتابخانەش قوتابیم بوو، کە ژوورەکەی دابوومێ کەسی نەدەهێنا لام، ناوی ئەبوو موتەشەڕ بوو، گوتم ئەبوو موتەشەڕ ئەوە هاوڕێی خۆمە و لەگەڵ خۆم دەیبەمە ژوورەکەم. گوتی باشە، دوایی بەڕێکەوت (ئەنوەر)ێکی دیکەشمان بۆ پەیدا بوو، ئەنوەر سلێمان خەڵکی هەولێر بوو، ئەویش بە دوورخراوەیی کەوتبووە ئەو ناوە، هاتە هەمان هۆتێل، ڕۆژێک ئەبوو موتەشەڕ بانگی کردم، گوتی ئەوە ئەنوەرێکی دیکەشت بۆ پەیدا بوو، با لە ژوورەکە لەگەڵت بێ، گوتم با بێت بەسەر چاو.

**ڕامان:** پێشتر ئەنوەر سلێمان-ت دەناسی؟

**زاهیر محەمەد:** نەمدەناسی، بەڵام شیوعییەکی ناسراو بوو، زووتر ناوبانگیم لە برادەرەکانی خۆم بیستبوو، کە ئەوە لە خانەی مامۆستایان، مامۆستایەکی بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** ئەوەیان بە پێشنیار و بڕیاری ئەبوو موتەشەڕ هاتە لای تۆ؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەویش هاتە لای من، هاتە هەمان ژوور و بەیەکەوە بووین.

**ڕامان:** تۆ ئەوەم بۆ باس بکە، چۆن ئەوانەیان بە کەلەپچەکراوی هێنابووە ئەوێ، هێنانەکەیان چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** وەک دووخراوەیەک هێنابوویانن بۆ ئەوێ و دەستیان لێ بەردابوون.

**ڕامان:** ئەی وەزیفەیان، ئیشیان، ژیان و گوزەرانیان چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** هیچیان نەبوو، لەوێ ئازادیان کردبوون، دوایی ئەنوەر توفی چووە پەروەردە، ئەنوەر توفی نیگارکێشێکی بەناوبانگ بوو، لە پەروەردە بۆ گوندێکی سەر سنووریان گوێزابووەوە، پێیان دەگوت محەمەدییە، هاتەوە گوتی نازانم ئەو گوندە کوێیە، منیان بۆ ئەوێ ناردووە، ئاخر پیر بووبوو، ئەو چەند ساڵێک بەڕێوەبەر چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی بوو، منیش بە بەڕێوەبەرەکەی خۆمان گوت، کە ناوی عەبوود مەنسوور بوو، پیاوێکی بەڕێز و سەنگین بوو.

**ڕامان:** ئەنوەر توفی لەسەر چی دوور خرابووەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لەسەر سیاسەت و پارتایەتی دووریان خستبووەوە، منیش بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی خۆمان گوت کە ئەوە لە سلێمانی وەک تۆ بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان بووە و هونەرمەندیشە، ئێستا بۆ ئەو گوندەیان ناردووە، زۆر پیاوانە هەستا و چووە لای بەڕێوەبەری پەروەردە، هێنایانەوە ناو شاری کوت و لە قوتابخانەیەکیان دانا، ئیتر دەوامی خۆی دەکرد و چالاکی خۆی پەیدا کرد و وردە وردە تابلۆی دەکێشا.

**ڕامان:** لەو ماوەیەی پێکەوە بوون، هیچی ئەوت لەبیر ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** ڕۆژێک هاتەوە گوتی وەرە، پاروومان کەوتە ڕۆنەوە. گوتم چییە، چی بووە؟ دەرکەوت بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوێ کوڕی پلکی بوو، گوتی ئەوە حسێن بامەڕنی لێرەیە کە کوڕی پوورمە، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئێرەیە، کە چووبووە لای، ئیتر دۆخی بەرەو باشی چوو، بەڵام ئەنوەر توفی پاش وتووێژەکەی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ حکوومەت، داوایان کردەوە و بۆ سلێمانی گوێزرایەوە، لەکاتی وتووێژەکە ڕۆیشتەوە سلێمانی، بەڵام کە ساڵی ١٩٦٥ هاتمەوە کۆیە، ئەنوەر سلێمان هەر لەوێ مابووەوە، پاش دوو سێ مانگان، ئەنوەر سلێمان ماڵی خۆی و باوکی هێنا، خانووی گرت و لەمن جودا بووەوە، ئەو چووە خانووی خۆی، مامۆستایەکی بەناوبانگ بوو، کەسێکی زۆر زیرەک بوو، زۆر ڕێزیان لێ دەگرت، ئەو لەسەر شیوعییەت دوور خرابووەوە، ئەنوەر توفی لەسەر پارتایەتی ناردبوویانە ئەوێ.

**ڕامان:** چالاکییە هونەرییەکانت لە کوت باس بکە، خولت بۆ قوتابییەکانت کردەوە؟

**زاهیر محەمەد:** تیپێکی یەکجار باشمان دامەزراند، ئێستا وێنەی هەموویانم هەیە، لە هەموو چالاکییەکاندا بەشدار دەبووین.

**ڕامان:** تەنیا چالاکیی مۆسیقا، یان بواری شێوەکاری و شانۆشی دەگرتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە ساڵی ١٩٦٢ هێشتا عەبدولکەریم قاسم مابوو، چالاکییەکی زۆر گەورە و گرینگمان لە صویرە پێشکەش کرد، ئاخر عەبدولکەریم

قاسم خەڵکی ئەوێ بوو، لەوێ خانوویەکی هەبوو، ئەویشی بەوان بەخشیبوو، ئەوانیش خانوویەکی دیکەیان بەگەڵدابوو و کتێبخانەیەکی گشتی گەورەیان لێ دروست کردبوو، بەڵام دوو خانووەکە شەقامێکیان لەبەیندا بوو، ئەو دوو خانووەیان لێک دابوو و کردبوویانە کتێبخانەی گشتی، لە بنەوە بە تونێلێک پێکەوەیان بەستبوونەوە، ئەوجارە عەبدولکەریم قاسم بۆخۆی هات، کتێبخانە گشتییەکەی کردەوە، ئێمەشیان بۆ ئەوێ بانگ کرد، هەندێک گۆرانی و مۆسیقامان ئامادە کردبوو، کۆرسی کچان و کوڕانمان هەبوو، ئەو کاتی موتەسەڕیفی ئەوێ ناوەکەیم لەبیر نەماوە، لەگەڵ وەزیری پەروەردەی ئەو کاتە کە ناوی ئیسماعیل عارف بوو، وێنەم لەگەڵی هەیە کە لەگەڵ تیپەکەمان وەستاوە، لەوێ ئێمە چالاکییە ڕەسمییەکەمان بە بۆنەی فیستیڤاڵی «کندی» کرد، عەبدولکەریم قاسم هات و ئەو بۆنەیەی بە کردنەوەی کتێبخانە گشتییەکەوە بەستەوە کە خانووەکەی خۆی دابوونێ.

**ڕامان:** ئەوە تۆ دیسان باسی ساڵی ١٩٦٢ دەکەی، بەڵام ئێمە دەمانەوێ باسی ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ و ١٩٦٥ بکەین کە لە کوت بووی، چالاکییەکانت چی و چی بوون؟

**زاهیر محەمەد:** من تا ساڵی ١٩٦٥ لە کوت بووم، ئەو چالاکییە لە ساڵی ١٩٦٢ بوو.

**ڕامان:** کەواتە دەبێ کۆتایی ئەو ساڵە بووبی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، دامەزرابووم، من لە ١٩٦٢/٩/٢٣ لەوێ دامەزرام.

**ڕامان:** کەوایە بچۆرە سەر باسی چالاکییەکانی ساڵانی دواتر، تا ئەو کاتەی گەڕایتەوە شاری کۆیە.

**زاهیر محەمەد:** من کە لەو ساڵەدا دامەزرام، فەرمانی دامەزرانەکەم لەو قوتابخانەیە بۆ دەرچوو کە ناوی «مدرسة عبدالكريم قاسم» بوو، هەر لەو قوتابخانەیە، لە هەمان ڕۆژیشدا نووسراوێکیان بۆ کردم و لە چالاکیی قوتابخانەکان دانرام، دوایی لە ساڵی ١٩٦٣ کە بەعسییەکان هاتن ناوی ئەو قوتابخانەیەیان گۆڕی و کردیانە (مدرسة الوحدة)، ئیدی نازانم ئێستا ئەو ناوە ماوە، یان نا، ناوی (عەبدولکەریم قاسم)یان ڕەش کردەوە و بوو بە (مدرسة الوحدة).

**ڕامان:** ئەو چالاکییەت باس کرد کە بە بۆنەی کردنەوەی ئەو کتێبخانەیە بەشدار بوون، ئەی دوای ئەوە چالاکییەکی دیکەی بەرچاو و هاوشێوەتان بووبێت، چیتان کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** دوای ئەوە لە هەموو بۆنەکاندا، تەنانەت لە زەمانی دەسەڵاتی بەعسییەکانیش چالاکییان پێ دەکردین، چونکە چالاکیی قوتابخانەکان فەرمانگەیەکی ڕەسمییە، هەر چالاکییەک هەبوایە، بەتایبەت لە نمایشی ساڵانەی قوتابخانەکاندا، یان کە پێشانگەیەک دەکرایەوە بەشدار دەبووین، ئاخر ساڵانە جارێک- دوو جار پێشانگەی نیگارکێشان، بە ئاهەنگی مۆسیقاوە دەکرانەوە، ئێمەش وەک تیپی قوتابخانەکان بەشداریمان تێدا دەکردن، ئەوە چالاکییەکانمان بوون، لەوێ تیپێکی زۆر باشم دروست کرد، تا هاتمەوەش مابوو، هەر ئەو کاتە ئاوازم بۆ چەند گۆرانی و سروودێکی عەرەبیش دانا، ئێستاکەش لەو شارەدا، ئەو ئاوازانەم دەڵێنەوە.

**ڕامان:** ناوی ئەو گۆرانی و سروودانەت لەبیر ماوە؟ یەک دوانێکیانم پێ بڵێ.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ لەبیرمن، مامۆستایەک هەبوو، ناوی مامۆستا کازم محەمەد حسێن بوو، شاعیرێکی زۆر باش بوو، شیعرەکانی خۆی دەدامێ، شیعرێکی بە ناوی (نشيد الجيش-

سروودی سپا)، ئەوی دیکەیانم لەبیر نەماوە، ئەوانە دوو شیعری ئەو بوون، من ئاوازم بۆ دانان، لەگەڵ دوو گۆرانی و دوو سروودی دیکەش بوون، نازانم ئێستا بە تەواوی لەبیرم نەماون، بەڵام تۆمارم کردوون، بە دەنگ و بە نۆتەش نووسیومنەتەوە.

**ڕامان:** بۆچی هەوڵ نادەی ئەو شیعرانەی ئاوازت بۆ داناون و ئیشت لەسەریان کردوون، دەقی شیعرەکان و نۆتەکانیان بنووسیتەوە و چاپیان بکەی؟

**زاهیر محەمەد:** هەموویانم نووسیوەتەوە و هەمووشیانم هەیە، زۆربەشیانم لەسەر کاسێت تۆمار کردوون و خستوومنەتە سەر CD سی دی، ئەوانە لە لای خۆم هەن.

**ڕامان:** ئاوازت هەیە بزر بووبێت؟

**زاهیر محەمەد:** نا، هەموویانم بە نۆتە نووسیوەتەوە، بە نۆتە و بە وشە لەلامن، دوو سێ دەفتەرم بۆ نۆتەکان و شیعرەکان تەرخان کردووە.

**ڕامان:** ئەی بۆ هەوڵ نادەی چاپیان بکەی؟

**زاهیر محەمەد:** تێچووی چاپکردنیان زۆرە.

**ڕامان:** خۆ لە ڕابوردوودا دەرفەتت هەبوو، توانایی دارایی باشت لەبەردەست بوو.

**زاهیر محەمەد:** هەندێکم لێیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ کردووە، بەڵام وەک نامیلکە، یان کتێب چاپ نەکراون.

**ڕامان:** ئەوە دەبێتە گلەیییەک بەرۆکی خۆت دەگرێ، تۆ لە بواری نووسین، چ وتارنووسین لەسەر هونەری گۆرانی و مۆسیقا، یان نووسینی ئەزموون و بیرەوەرییەکانی خۆت، تەنبەڵ دیاری؟

**زاهیر محەمەد:** ڕاستە، تەنبەڵ دیارم، منیش وا دەڵێم، ئێستا هەندێکم لێیان کۆ کردووەتەوە، بۆخۆت دەزانی نووسینم لە لای تۆش لە ڕامان هەیە، وتارم لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان بڵاودەکرانەوە، ئێستاش ناو بە ناو لە ڕۆژنامەی هەولێر دەنووسم، هەموویم لە لای خۆم هەن، چەندان کتێبی دەستنووسم لەلای خۆم ماون، لەو ساڵانە دوو کتێبی زۆر چاکم لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، بەڵام جارێ چاپ نەکراون، بۆخۆت دەزانی ئێستا ئاستەنگی زۆر هەن کە چاپکردنی کتێبی زەحمەت کردووە، جێگەیەک بۆ چاپی کتێب نییە، داوام لە هەندێک دەزگا کردووە، ئەو شوێنانەی کتێب چاپ دەکەن، دەڵێن پارەمان نییە و چاپیان ناکەن، من زۆر کتێبم هەن و ئامادەن بۆ چاپ.

**ڕامان:** بە هەر حاڵ مادام ئێستا وەک خۆت دەڵێی لەبەر ئازاری پشتت لە چالاکیی هونەری دابڕاوی و ناتوانی کەمان بژەنی، دەکرێ قورسایی خۆت بخەیتە سەر نووسین و چاپکردنی کتێبەکانت.

**زاهیر محەمەد:** لەمەودوا وای لێ دەکەم.

**ڕامان:** هیوادارم لە داهاتوودا کەمتەرخەمی لەمەیاندا نەکەی.

**زاهیر محەمەد:** درێغی ناکەم.

**ڕامان:** لە شاری کوت چالاکیی دیکەت چی بوو، بێجگە لە دانانی ئەو سروود و ئاوازانە، لە هەموو ئاهەنگەکانیشدا بەشدار دەبووی؟

**زاهیر محەمەد:** هەموو ئاهەنگەکان، من بەڕێوەم دەبردن.

**ڕامان:** دوایی خۆت داوات کرد بتگوێزنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** یەکەم جار من داوام کرد بێمەوە هەولێر.

**ڕامان:** ئەو ماوەیەی لەوێ بووی، ئاسوودە بووی؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، هیچ ئاسوود نەبووم، لەوێ تووشی کارەسات بووم، بێجگە لەوەی

دووریش بوو، بۆیە خۆم داوام کرد بمگوێزنەوە.

**ڕامان:** لەو ژنەت منداڵت هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، منداڵم نەبوو، ئەو خێزانەم سێ مانگ لەلام بوو کە سووتا، کاتێ داوای گواستنەوەم کرد، لەو لیستی داوایە دەنووسرێ، دەبووایە سێ جێگە بنووسی، ئەوان بۆخۆیان جێگەیەک هەڵدەبژێرن، من یەکەم هەولێر، دوایی بەغدا، ئەوجا سلێمانی-م نووسیبوو، ئەو سێ جێگەیەم نووسیبوو، ئەوان یەکسەر هەولێرەکەیان بۆ هەڵبژاردبووم، ئیتر بۆ لیوای هەولێر گوێزرامەوە، وەک باسم کرد لە هەولێریش چوومەوە کۆیە، لە ساڵی ١٩٦٥وە هەتا ئەو دوادواییە هاتمەوە هەولێر، هەر لە کۆیە مامەوە، لە قوتابخانەی زانست بووم، ئێستاش میلاکم هەر لەسەر ئەوێیە و نەمگۆڕی.

**ڕامان:** بە درێژایی تەمەنی مامۆستایەتیت هەر لە قوتابخانەی زانست بووی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەر لەوێ بووم، لە قوتابخانەی زانست، بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش کرابووم، چەند ساڵێک لە پاڵ سروود و مۆسیقا و وەرزش، وانەی دیکەشم دەگوتەوە، ماوەیەک هەر لە قوتابخانەی زانست وانەی ئینگلیزیم دەگوتەوە، دوایی پۆلی چوارم وەرگرت، ماوەیەک لە پۆلی چوار مامەوە، دوایی ئایین و واجباتم دەگوتەوە، پاشان بۆ گوتنەوەی سروود و مۆسیقا بە کوڕان و کچان، بەسەر قوتابخانەکانی کۆیە دابەش کرام.

**ڕامان:** هەر لە پۆلی چوار مایتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بووم بە ڕابەری پۆلی چوار، ئەو کاتی کوردی هەبوو، لەگەڵ حیساب، ئەوانەم دەگوتەوە، چالاکیی هونەری و وەرزشیشم هەبوو.

**ڕامان:** ئێمە زیاتر مەبەستمان باسکردنی چالاکییە هونەرییەکانتە، لەو کاتەی کە لە ساڵی ١٩٦٥وە لە کۆیە دەستت بە مامۆستایەتی کرد، لە قوتابخانەی زانست وەکوو هونەر توانیت چییان بۆ بکەی؟

**زاهیر محەمەد:** دوای ئەوەی دابەش کرام و چەند قوتابخانەیەکی کچان و کوڕانیان دامێ، دوایی لێرە لە هەولێرەوە، بڕیارێکیان بۆ دەرکردم و بوومە «معاون مشرف النشاط المدرسي- یاریدەدەری سەرپەرشتیاری چالاکیی قوتابخانەکان»، کە ئەو کاتی لە هەولێر جەمال هیدایەت سەرپەرشتیار بوو، بەو ناوونیشانە چەند قوتابخانەیەکیان بە من سپارد.

**ڕامان:** دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥ گەڕایتەوە، یەکسەر ئەوەشیان بۆ کردی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، جارێکیان م. عیزەددین فەیزی هاتە کۆیە، جارێکی دیکە م. شەفیق سابیر بووبوو بە سەرپەرشتیار، ئەویش هاتە کۆیە، کە منیان دی گوتیان تۆ دەبێ تەنیا مۆسیقا و سروود بڵێیتەوە، نابێ وانەی دیکە بڵێیتەوە، ئەوانە کە هاتن وانەگوتنەوەی ئەو چەند قوتابخانەیەیان بۆ نەهێشتم، چونکە هەر ڕۆژێ لە قوتابخانەیەک یەک وانەم هەبوو، جاری وا هەبوو دوو وانەم هەبوو، دەچووم سروودەکەم دەگوتەوە، لە هەندێ قوتابخانە وانەیەک — دوو وانەم هەبوو، ئەوە لە کاتێکدا لە قوتابخانەی زانست دەوامم دەکرد، دوایی م. ئەنوەر تاهیر کە لە کەرکووک دامەزرابوو، هاتەوە کۆیە و ئەویش هەر لەسەر چەند قوتابخانەیەکی دیکە دابەش کراو قوتابخانەی کچان و کوڕانیان دایێ.

**ڕامان:** ئەی م. سەردار ئەحمەد کە هاتەوە کۆیە چی دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** دوای ئەوەی م. سەردار ئەحمەد خوێندنی تەواو کرد و ماوەیەک لە هەولێر دامەزرا، دوایی ئەویش هاتەوە کۆیە،

ئیدی ژمارەمان زۆر بوو، پاش ئەو م. وریا ئەحمەد خوێندنی تەواو کرد و هاتەوە کۆیە، ئەویش لە چالاکیی مۆسیقا و سروود چەند قوتابخانەیەکی وەرگرت، ئەوجا دەستمان بە چالاکیی هونەریی کرد، هەر لە ساڵی ١٩٦٥وە کە چوومەوە کۆیە، بیرۆکەی ئەوەمان هەبوو تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنین، ئەوە بوو ئەو تیپەمان دامەزراند.

**ڕامان:** ئەو کۆمەڵە کەسە، لە ساڵی ١٩٦٥وە هەوڵتان دا تیپێک دابمەزرێنن؟

**زاهیر محەمەد:** لە بۆنەکان و لە پشووەکاندا، بەتایبەت پشووی سەری ساڵ و نیوەی ساڵ خۆمان ڕێک دەخست، تا ڕێککەوتنی یازدەی ئازار، دوای ڕێککەوتنەکە، زەمینەکە خۆش بوو، لە بەغدا داوامان پێشکەش کرد تا ڕەزامەندی تیپەکەمان ببێتە ڕەسمی، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵمان دا، هەوڵێکی زۆریشمان بۆ ئەوە دا.

**ڕامان:** کەواتە تیپەکە پێشتر هەبووە، بەڵام ڕەسمی نەبووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ڕەسمی نەبوو، هەر لە نێوان خۆمان بوو، ئەوە نەبێ مونەزەم بووبێ، ئەو چەند کەسە لە نەورۆز بووایە، لە بۆنەیەک بووایە ئەو چالاکییانەمان دەکرد، لەناو خۆمان ناومان لێ ناوە، گوتمان پێشتر لە قوتابخانەکەمان تیپێکمان هەبوو ناوی باواجی بوو، با ئەوەش هەر ناوبنێین باواجی، بەو ناوە بە ڕەسمی داوامان کرد، ڕەسمیاتەکە زۆری ویست.

**ڕامان:** لە کاتی ڕێککەوتنی ئادار، ئەو ڕەزامەندییانە مەرکەزی بوون و لە بەغدا وەردەگیران؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو کاتە لە بەغدا، لە وەزارەتی ڕاگەیاندن دەدرا، لەوێ بەشێکیان هەبوو پێیان دەگوت سینەما و شانۆ، بە ڕەسمی لە سینەما و شانۆ مۆڵەتمان وەرگرت، مۆڵەتەکەمان بە ناوی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بوو، لە ساڵی ١٩٧٢ مۆڵەتەکەمان وەرگرت، بۆ وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە هاتوچۆی زۆری ویست، ئەو کەینوبەینە پتر لە ساڵێکی خایاند، لە ١٩٧٢/٣/١ بە نووسراوی ژمارە ٨٣٢ی وەزارەتی ڕاگەیاندن، سینەما و شانۆ، بە ڕەسمی بووینە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە.

**ڕامان:** ئەی (حەقی شبلی)ی هونەرمەند کە دەستی دەڕۆیشت و لە نزیکەوە دەتناسی، هیچ دەورێکی لەوەرگرتنی مۆڵەتەکەدا نەبوو، تا بە ئاسانی و خێرا مۆڵەتی ئەو تیپە وەربگرن؟

**زاهیر محەمەد:** وابزانم ئەو نەمابوو، نازانم نەمابوو، یان خانەنشین کرابوو، یان بەرپرسی جێگەیەکی دی بوو، ئەوە نازانم، بەڵام ئەوەی زۆر لەو هەوڵ و کۆششەماندا کاریگەر بوو، ئاخر زۆرمان نووسی، لەو کاتەدا قایمقامی کۆیە عەلی سلێمان بەهاری بوو، ئینسانێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، وەک پارتییەک لە نووسین و بەرزکردنەوەی نووسراوەکە یارمەتییەکی زۆری داین، پارێزگاریش لە هەولێر عەبدولوەهاب ئەترووشی بوو، ئەویش پێی خۆش بوو، لێرە بەشێک هەبوو، هۆبەی (جەمعیات)یان پێ دەگوت و ساڵح خۆشناو بەرپرسی بوو، دەبووایە نووسراوەکە بچووبایە ئەوێ، ئەوانیش ڕەوانەی بەغدایان دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کەسەی لە وەرگرتنی مۆڵەتەکە زۆر کاریگەر بوو، کێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوەی هەوڵێکی زۆری بۆ داین و بە هۆی ئەوەوە زوو مۆڵەتەکەمان بۆ دەرچوو، جەلال بێتووشی، دەورێکی زۆر چاکی هەبوو، کاتی خۆی لە ئەڵمانیا بوو، لە بەشی سینەمای ڕەنگاوڕەنگ خوێندبووی و تەواوی کردبوو، لەپاش یازدەی ئادار شۆڕشی کورد داوایان لێ کرد بێتەوە، کە هاتەوە لە بەغدا، لە وەزارەتی ڕاگەیاندن،

بەشی سینەمای ڕەنگاوڕەنگ ئەو دایمەزراند، سینەمای ڕەنگاوڕەنگ، تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ لە عێراق ئەو دایمەزراندن و سەرپەرشتی دەکردن، بوو بە بەڕێوەبەری گشتی، دۆستایەتیشی لەگەڵ (محەمەد سەعید سەحاف)یش هەبوو.

**ڕامان:** بەڕێوەبەری گشتی چی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڕێوەبەری گشتیی تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ بوو.

**ڕامان:** بەڕێوەبەری گشتی سینەما و تەلەڤزیۆن، یان تەنیا تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتی سینەما و تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیان پێ دەگوت.

**ڕامان:** سەرەتا سینەما و تەلەڤزیۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** سینەما و شانۆ، ئەوەیان جودا بوو.

**ڕامان:** دەزانم چونکە گۆڤارێکیشیان بە ناوی «السینما والتلفزیون» هەبوو کە لە بەغدا دەردەچوو.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لەناو تەلەڤزیۆنی بەغدا بوو، ئەو کردییە ڕەنگاوڕەنگ، محەمەد سەعید سەحاف بوو بە دۆستی، دیاربوو کاتی خۆی لە ئەڵمانیا یەکتریان دیتبوو، زۆر دۆستی بوو، ڕاوێژی پێ دەکرد، چەند جارێک هەوڵمان دا، چونکە سەرەتامان بوو، زۆر شتمان نەدەزانی، کە نووسراوێکمان دەنووسی، کەموکووڕی تێدا بوو، زۆرجار بۆیان دەناردینەوە، بەڵام ئەو وای کرد چاوپۆشی لە هەندێک کەموکووڕیمان بکەن، هەوڵێکی یەکجار زۆری بۆ داین تا بەهۆی ئەوەوە مۆڵەتەکەمان بۆ دەرچوو.

**ڕامان:** لەناو ئەو ناوانەی دامەزرێنەرن، چەند کەس لە داوای دروستبوونی ئەو تیپەدا ناویان هەیە، یەک یەک ناوەکانیان بڵێ تا وەک خۆی بۆ مێژوو بمێنێ.

**زاهیر محەمەد:** یەکەم جار کە داوامان پێشکەشکرد، وابزانم دە کەس بووین.

**ڕامان:** دەبوو ئەوانە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بن؟

**زاهیر محەمەد:** ئێمە دە کەس بووین کە داواکەمان پێشکەشکرد، لەو دە کەسەمان شەشمان هونەرمەند بووین، ئەوانی دیکە هونەرمەند نەبوون، لەوانە هەندێکیان لە نواندن، یان لە کۆرس بەشدارییان دەکرد، بەڵام دۆستی هونەر بوون، ئەوانەی کە هونەرمەند بوون و داوامان کرد، من، سەردار ئەحمەد، وریا ئەحمەد، سیامەند عیزەت تاهیر، ئەنوەر تاهیر، کەریم حەمەد خدر، ئەو شەش کەسەمان هونەرمەند بووین، چواری دیکەش هونەردۆست بوون ئەوانە: سەلاح حسێن، فوئاد سەعید ئەحمەد، عەتەڵڵا حەننا کەریم، ئیسماعیل مستەفا سەردۆری بوون، ئەو دە کەسە بووین، کە نووسراوەکەمان نارد.

**ڕامان:** مەرجی وەرگرتنی مۆڵەتەکە چی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوان نووسراوێکیان بۆ ناردین، پێیان ڕاگەیاندنین مەرجێکمان هەیە، دەبێ ئەوانەی داوای مۆڵەتی تیپی هونەری دەکەن، سێ کەسیان دەرچووی هونەرە جوانەکان بن و خزمەتی هونەرییان لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، ئەو کاتی سەردار ئەحمەد تازە دەرچووبوو، پێنج ساڵ خزمەتی نەبوو، وریا ئەحمەد دەرچووی هونەرە جوانەکان نەبوو، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر بوو، ئێمە دوو کەسمان دەرچووی پەیمانگە بووین، من و ئەنوەر تاهیر، پێنج ساڵیش زیاتر خزمەتمان هەبوو، چونکە ئەوە لە ساڵی ١٩٧٢ بوو، ئێمە لە ساڵی ١٩٦٢وە دامەزرابووین، دە ساڵ خزمەتمان هەبوو.

**ڕامان:** یەکەکەی دیکەتان چۆن پەیدا کرد؟

**زاهیر محەمەد:** پرسیارمان لێیان کرد مەرجە

کەسەکە دەرچووی بەشی مۆسیقا بێ، گوتیان تەنیا دەرچووی هونەرە جوانەکان بێ، ئێمەش کەریم حەمەد خدر وەک پێشتر باسمان کرد، کە لە پەیمانگە هاوخولی ئێمەیە، لە هەولێر دامەزرابوو، بەشی نیگارکێشان بوو، ئەوەبوو داوام لێکرد و پێم گوت مۆڵەتی تیپمان بەدەستەوەیە، داوای سێ کەس دەکەن، تۆش دەرچووی خولی خۆمانی، ئەویش مەردانە هاتە پێش و ڕەزامەند بوو، ئیتر بەڵگەنامەی دەرچوونمان لەگەڵ ئەوراقەکانی دی پێشکەش کرد.

**ڕامان:** بەڵگەنامەی دەرچوونتان درابووەوە خۆتان، لەلای خۆتان هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، ئەنوەر تاهیر چووە بەغدا، بڕانامەکەی خۆی و من و کەریم حەمەدی هێنا، لەگەڵ ئەوراقەکان هاوپێچمان کردن، گوتمان فەرموون ئەوە سێ کەسەکە، ئەوەیان قبووڵ کرد و گوتیان زۆر تەواوە، بەو شێوەیە مۆڵەتەکەمان بەو سێ کەسە وەرگرت، دواییش کە مۆڵەتەکەمان بۆ هاتەوە، لە نووسراوەکەدا نووسراوە: «بۆ زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر و کەریم حەمەد)، ئێستاش مۆڵەتەکە ماوە، دانەیەکی لە تیپی باواجی و دانەیەکیشی لەلای من هەیە، بەو جۆرە مۆڵەتەکە بە ناوی ئەو سێ کەسەوە هاتەوە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی مۆڵەتەکە هاتەوە، ئیدی تیپ پێویستی بە هونەرمەندی دی هەیە؟

**زاهیر محەمەد:** کە مۆڵەتەکەمان بۆ هاتەوە، چونکە پێشتر چالاکیمان هەبوو، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە برووسکەمان بۆ هات، جەلال بێتووشی لە بەغداوە برووسکەی بۆ لێداین، پێی ڕاگەیاندین کە مۆڵەتەکەمان دەرچووە، پاش دوو سێ ڕۆژی دیکە دەگاتە دەستتان، لە هەمان کاتدا کە پۆستەچییەکە بۆی هێنام، لە قوتابخانە بووم، بۆ من شتێکی زۆر مێژوویی بوو، زۆر پێی دڵخۆش بووم، یەکسەر دەوامی قوتابخانەم بەجێ هێشت، ئەو کاتە فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا بەڕێوەبەر و عەبدوڵڵا ئەحمەدیش یاریدەدەری بوو، ئیزنی دام و گوتی بڕۆ.

**ڕامان:** بۆ کوێ ڕۆیشتی؟

**زاهیر محەمەد:** چووم بە هاوڕێکانی دیکەم ڕاگەیاند و گوتم ئەوە مۆڵەتەکەمان بۆ هاتووەتەوە، یەک دوو ڕۆژی دیکە بە ڕەسمی بە دەستمان دەگات، ئەوەش برووسکەکەیە کە جەلال بێتووشی بۆی ناردووین، هەر ئەو ڕۆژە دەستمان بە چالاکی کرد و خەڵکمان کۆ کردەوە، کۆرسمان پێک هێنا و گۆرانیبێژەکانمان ئاگادار کردەوە بێن، هەوڵمان دا جێگە پەیدا بکەین، جێگەمان پەیدا کرد، خانوویەکمان بەکرێ گرت.

**ڕامان:** ئەی کۆمەک و پشتیوانی ماددیتان لە کێ وەردەگرت؟

**زاهیر محەمەد:** هەر بە پارەی خۆمان بوو، دەبووایە هەر ئەندامێک ئابوونە بدات، پێموایە بۆ ئەوانەی کە فەرمانبەر بوون و مووچەیان هەبوو، ئابوونە سێ پەنجایی (درهەم) بوو، ئەو کاتە درهەم هەبوو، سێ درهەم بوو، یان چوار درهەم بوو، بۆ قوتابیان پەنجا فلس، یان سەد فلس بوو، بۆ قوتابیان ئاوابوو، بەو ئابوونەیە هەندێک باری دارایی خۆمان ڕێک خست و خانوومان بەکرێ گرت، دوایی ئامێرمان نەبوو، هەر کەس ئامێری خۆی هێنا، پاشان کە گۆرانیمان تۆمار کرد و چالاکیمان نواند و ئاهەنگمان کرد، داراییمان باش بوو و هەندێک ئامێریشمان کڕی.